

له وتووێژێکدا لەگەڵ ...

٤



کۆماری ئیسلامی و ...

٥



تراویلکەی هەڵبژاردن و ...

٨



ستەمی سیستماتیک دژ بە ...

١٠



دوایین گۆڕانکارییەکانی سووریە

١٠

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـــانی کۆمیتەی نـــاوەنـــدیی حیزبی دێمـــوکراتی کوردســـــــتـــــــانی ئێـــــران

ژمارە ٦٠٧، شەممە، ١ی پووشپەڕی ١٣٩٢، ٢٢ی ژوئەنی ٢٠١٣، ١٥٠تمەن

www.kurdistanmedia.com

لە لایەن ڕۆژنامەی کوردستانەوە، بە بۆنەی ٣٣هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان، گەرمترین پیرۆزباییەکانی خۆمان ئاراستەی ئەم ڕادیۆیە و هەموو کارگێڕانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان دەکەین کە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوییەوە، تاکە ڕادیۆ بووە کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا، دەنگی مافخوازانەی گەلی کوردی لەو بەشەی کوردستان بە گوێی بیسەرانی خۆی گەیاندووە و ئێستاش پاش ٣٣ ساڵ لەسەر ئەم ئەرکە پیرۆزەی بەردەوامە.

# G٨ لە بنبەستی سووریەدا



سەرەڕای باس و تاوتوێکردنی ساڵانە لەمەڕ بارودۆخی سیاسی و ئابووریی جیهان، ڕێبەرانی «گرووپی ٨» تەنیا جۆرێك لە دەربڕینێکی جێ هیوایان لەمەڕ بەڕێوەچوونی دانیشتنێك لە ژێر ناوی «ژێنێڤی ٢» بۆ کۆتایی هێنان بە قەیرانی خوێناویی سووریە، لەخۆ نواند.

لە ڕاگەیەندراوی کۆتایی دانیشتنی «گرووپی ٨»دا هاتووە کە دەوڵەتی کاتیی سووریە دەبێ لە کونفرانسی «ژێنێڤی ٢» دیاری بکرێ. لە هەمان کاتدا لەم ڕاگەیەندراوەدا هیچ هێمایەك بە مانەوە یان ڕۆیشتنی بەشار ئەسەد لە دەسەڵات نەکراوە.

لە پاریس، ئالێن ژووپە، سەرۆك وەزیرانی پێشووی فەرانسە، بە دەربڕینی ناڕەزایەتی لە ناکارامەیی «گرووپی ٨» وتی: گرینگترین شکستی دانیشتنی بەرپرسان لە ئیرلەند، نەبوونی توانای ڕێککەوتن لەسەر قەیرانی خوێناویی سووریەیە، ناوبراو لەسەر ڕۆڵی ڕووسیە لە وەدی نەهاتنی ئەم ڕێککەوتنە جەختی کردەوە.

دوای بڵاوبوونەوەی ڕاگەیەندراوی «گرووپی ٨» کە لەوێدا پێکهێنانی دانیشتنی «ژێنێڤی ٢» لەمەڕ سووریە جۆرێك ڕێککەوتنی لاوازی لەسەر کرا، ئۆپۆزیسیۆنی ئەم وڵاتە بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێك جەختی کردەوە کە:

«ئێمە ئامادەی پابەندبوون لە بەرامبەر هەموو ڕێگەچارە سیاسییەکان بە مەبەستی کۆتایی هاتن بە حەمامی خوێن لە سووریەداین. ئەم کارە دەبێ بە مەبەستی دابینبوونی ئاواتەکانی خەڵکی سووریە و بە بەرجەوەنی ڕووخانی ڕێژیمی ئەسەد و دادگاییکردنی هەموو ئەو کەسانە بێت کە دژی خەڵکی سووریە دەستیان داوەتە تاوان و جینایەت.

## حەماس: پێوەندیەکانمان لەگەڵ ئێران لە بواری سیاسی و ماڵییەوە خەساری بینیوە

ڕێکخراوی فەلەستینیی حەماس دەڵێت، پێوەندییەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هۆی جیاوازیی قووڵی بیروبۆچوونەکان لە سەر سووریە خەساری بینیوە و ئێران پارەیەکی کەمتر بۆ حەماس تەرخان دەکات.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی ڕۆیترز، ڕێبەرانی حەماس جەخت دەکەنەوە کە پشتیوانیی ئەوان لە دژبەرە سوورییەکان، لە کاتێکدایە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران پشتیوانی لە حکوومەتی بەشار ئەسەد دەکا و ئەمە بووەتە هۆی قووڵبوونەوەی ناکۆکیی ئەوان لەگەڵ ڕێژیمی ئێراندا.

غـازی حەمـد، جێگری سـەرۆك وەزیری حەماس لە غەززە ڕۆژی چوارشەممە، ٢٩ی جـۆزەردان، وتـی: «پێوەندییەکانی حەماس لەگەڵ ئێراندا، چ لە ئاستی سیاسی و چ لە ئاستی هاوکارییە ماڵییەکانی ئێران بۆ حەماس خەساری دیتووە».

ڕۆیترز لـەزاری دیپلۆماتکارێکی ناوچەکە نووسیویەتی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران تا پێش لەمە، مانگانە بیست میلیۆن دۆلاری بە حەماس داوە کە حەماس بەم بڕە پارەیە، بەشێك لە مووچەی مانگانەی پەنجا هەزار کارمەندی دەوڵەتی ئیسماعیل هەنیەی لە غەزە داوە.

حـــەمـــاس هـــەرچـــەنـــد لـــە بەستێنی ئیخوانولموسلمین سـەری هـەڵداوە و سوننی مەزهەبە، بەڵام لە سەرەتای دامەزرانییەوە لە کۆتاییەکانی دەیەی هەشتای زایینییەوە، وەکوو یەکێك لە باسکەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا ناسراوە.

## پێداگریی ئیسراییل لەسەر توندتربوونەوەی گەمارۆکانی سەر ئێران

وەزیـری بەرگریی ئیسراییل وتوویە ڕێژیمی ئێران دەبێ لە نێوان چەکی ناوکی و مانەوەیدا یەکێکیان هەڵبژێرێت.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی «ئوورشەلیم پۆست» مووشە یەعلوون لەکاتی سەردانەکەی بۆ پاریس لە چاوپێکەوتنەکانی ڕۆژی دووشەممە ٢٧ی جۆزەردان لەگەڵ وەزیرەکانی بەرگری و دەرەوەی فەرانسە وتی: «ئیسراییل بە بێ لەبەرچاوگرتنی هاتنەسەرکاری دەوڵەتی ڕووحانی، پێشبینیی هیچ جۆرە گۆڕانێك لە ڕەوت و ئامانجە ناوکییەکانی ئێراندا ناکات».

مووشە یەعلوون لەمەڕ پڕۆگرامەکانی ئێران بۆ گەیشتن بە چەکی ناوکی وتی کە ئەگەر بێتوو ڕێژیمی ئێران لێی ڕوون نەبێت کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی سـوورن لـەسـەر ڕاگرتنی پرۆژەی ناوکیی ئەم وڵاتە، دەستهەڵگر نابێت.

هەروەها وتی «سەرەڕای سەرکەوتنی حەسەن ڕووحانی لە هەڵبژاردنەکاندا، دەبێ هەوڵەکان بۆ پەراوێز خستن و توندتر کردنەوەی گەمارۆکان دژی ڕێژیمی ئێران درێژەی هەبێت».

بەپێی ڕاپـۆرتـەکـەی ڕۆژنـامـەی ئوورشەلیم پۆست چاپی ئیسراییل، مـووشـە یـەعـلـوون لە وتووێژێك لەگەڵ ڕادیـۆی سوپای ئیسراییلدا وتی: «ڕووحانی بەشێك لە ڕێژیمێکی پارێزکار و بەشێکە لە کۆماری ئیسلامی و ڕیفۆرمخوازبوونی ناوبراو شتێکی ڕێژەییە».

هەروەها بنیامین ناتانیاهۆ، سەرۆك وەزیرانی ئیسراییل ڕۆژی یەکشەممە ٢٦ جۆزەردان وتی کـە: «نـابـێ بهێڵین ئـێـران بـە درێژکردنەوەی دانووستانەکان کاتی زیاتر بەدەست بێنێت».

پـەیـڤ

ناهید حسێنی

## ئایا پێوەر دەنگی خەڵکە؟

کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکشەوە لەدایك نەبووە هەتا ئێمە بتوانین بڵێین یەك شەوەش ئاڵوگوڕی بنەڕەتیی بەسەر سیاسەت و بیرکردنەوە و ئاکاریدا دێت. شوناسی کۆماری ئیسلامی گرێدراوی کۆمەڵێك پەیوەندییە لە نێوان ناوەندە جیاوازەکانی دەسەڵاتدا و ئەوەش ئەو پرسیارە دێنێتە کایەوە کە ئایا ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ لە هاوسەنگیی هێز لە نێوان ئەو ناوەندی دەسەڵاتانەدا هاتۆتە ئارا کە وەکوو کرانەوەیەك لە لایەن دەسەڵاتەوە بەرەوڕووی دەرەوەی خۆیان و باوەڕ و داخوازەکانی خەڵك پێناسە بکرێت؟

کۆمەڵگای ئێران پێکهاتەیەکی فرە ڕەنگە لە باری توێژە پێکهێنەرەکانییەوە، هۆکارەکانی دەنگدانی دەنگدەرانیش بارتەقای ئەو فرە دەنگی و فرە ڕەنگییە جیاوازە، کۆمەڵێکی بەرچاوی خەڵك دەنگیان دا تەنیا لەبەر ئەوەی بژیوی ژیانیان بەستراوی ئەو دەنگەیە و نانبڕاو دەبوون، کۆمەڵێکی دیکەش لە تاو مار پاڵیان بە ئاگرەوە دا و لە نێوان خراپ و خراپتردا دەنگیان بە خراپ دا و دوایین هیواکانی خۆیان خستە سندووقەکانی دەنگەوە و بەو پڕوپاگەندە بێبنەمایانەی لە لایەن بەربژێرەکانەوە دەکرا دڵیان خۆش کرد و چاویان بڕییە سەرابی ئاسۆیەکی خەیاڵی کە بۆ خۆشیان باش دەزانن هیواکانیان پاش وەرگرتنی دەنگەکانیان، تۆزی فەرامۆشیی لێ دەنیشێ، هەتا هەڵبژاردنێکی دیکە و شانۆیەکی دیکەش بۆ ماوەی هەفتەیەك ببێتە مایەی شادییەکی کاتی و درووستبوونی کەشێکی کورتخایەن و ساختە لە ئازادی. وەك بینیشمان هەر پاش هەڵبژاردن خاتەمی وەکوو سەییدی ڕیفۆرمخوازان بە خەڵکی ڕاگەیاند چاوەڕێی موعجیزە لە ڕوحانی مەکەن. واتە ئەوەی گوتمان و پڕوپاگەندەمان بۆ کرد، تەنیا بە موعجیزەیەك دێتە دی و ئێوەش باشتر وایە چاوەڕێی موعجیزە نەبن. دەستەیەکی دیکەش تەنیا لەبەر «نە» وتن بە کۆماری ئیسلامی و بەربژێرە دیاریکراوەکانی خامنەیی و ترس لە شەڕ و زیاتر بوونی گەمارۆکان و زیاتر بوونی ڕێژەی هەژاری لە کۆمەڵگادا، دەنگیان بە بەربژێرێك دا کە بە سێناریۆیەکی کۆمیك و بە چەکی زەرەخەنە خۆی لە بەربژێرەکانی دیکە جیا دەکردەوە، کە دیارە هەمان بەربژێری گرووپی دووهەم واتە ڕوحانی بوو.

لێرەدا نابێ ئەوش نەبینین کە تەنانەت بەپێی ئامارە فەرمییەکانی خودی کۆماری ئیسلامیش لەو ڕێژەیەی کە لە دەنگدەران ڕاگەیەندرابوو، ڕێژەیەکی یەکجار زۆری خەڵك دەنگیان نەدابوو و نزیکەی ٢٠٠٠ سندووقی دەنگدان هەتا ئێستاش بێسەروشوێنن.

ئۆپۆزیسیۆنیش بە پێداگری لەسەر نادێموکراتیك بوونی سیستمی کۆماری ئیسلامی، شانۆی هەڵبژاردنی بایکۆت کرد و ئەوەش هەڵوێستێکی سیاسی و بەجێ بوو کە دەرخەری ئەوە بوو کە ئەوان کە دەروەستانە بەگشتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و سیستمی بەڕێوەبەرییەکەی لە بنەڕەتەوە ڕەت دەکەنەوە، بەڕێوەچوونی هەرپرۆسەیەك لەو چوارچێوەیەدا ڕەت دەکەنەوە و ئەوەش بەرپرسایەتییەکی مێژوویە لە سەرشانی ئۆپۆزیسیۆن.

## بەڕێز مستەفا هیجری پشتیوانیی لە ئازادکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان کرد

ڕۆژی پێنجشەممە ١٦ی جـۆزەردان، شاندێکی کەمپەینی کۆکردنەوەی واژۆ بۆ ئازادکردنی ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان، بەسەرپەرستی کاوە نادر سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتیان کرد کە لەلایەن بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتەوە بایەخی پێدرا و نامەکەی واژۆ کرد.

ڕێـزدار هیجری وتیشی: پشتیوانی لـەو نامەیە، ڕێزگرتنە لە زیندانیانی سیاسی و بەرز نرخاندنی خەبات و تێکۆشانیانە و هیواشی خواست ئەو هەوڵە مرۆڤ دۆستانەیە ئامانجی خۆی بپێکێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات وتیشی: «لـەم بارودۆخە هەستیارەدا کە پڕۆسەی ئاشتی pkk لەگەڵ دەوڵەتی تورکیەدا لە ئارادایە، پێویستە دەوڵەتی تورکیە بۆ نیشاندانی نیەتی خێر بۆ چارەسەری پرسی کورد ڕێز لە ئیرادەی ئەو خەڵکە بگرێ و منیش بەو نیەتە خێرە و ئازادکرانی ئەو ڕێبەرە سیاسییە ئەو بەڵگەیەم واژۆ کردووە».



## بەڕێز مستەفا هیجری لە پەیامێکدا سەرەخۆشی لە سکرتێری یەکەمی حیزبی سوسیالیستی فەرانسە کرد

بەڕێز سکرتێری یەکەم!

هاوڕێی بەڕێز!

هەواڵی کۆچی دوایی «پێیر مۆروا»، یەکەمین سەرۆك وەزیری خولی یەکەمی سەرکۆماریی فرانسوا میتران، بووە هۆی داخ و کەسەری زۆر. لەم ساتە خەماوییەدا بەناوی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەبۆنەی لەدەستچوونی ئەم کەسایەتییە ناودارە، سەرەخۆشیی خۆمان لە ئێوە و هەموو سوسیالیستەکان و هەموو ئەندامانی بنەماڵەی ئەم بەڕێزە کۆچکردووە دەکەین.

ئێمە یادی بەڕێز پێیر مۆروا وەکوو یەکێك لە سیما هەرە دیارەکانی سوسیالیزمی دێموکراتیك لە فەرانسە و لەئاستی نێودەوڵەتی و بەتایبەت لەو سەردەمەدا، کە سەرۆکایەتیی لە ئینتێرناسیونالٚ سوسیالیستی لەساڵەکانی ١٩٩٢ تا ١٩٩٩ لەئەستۆ بوو و هەروەها وەکوو کەسایەتییەکی مرۆڤ دۆست و خەباتگێڕێکی کۆڵنەدەر لەپێناو ئازادی و یەکسانی و هاوڕێیەکی ڕاستەقینەی پشتیوانی مافەکانی نەتەوەی کورد، بەرز دەنرخێنین. ئێمە هەرگیز لەبیری ناکەین کە لەسەردەمی سەرۆکایەتیی پێیر مۆروا لەئینتێرناسیونالٚ سوسیالیستدا بوو کە بە تێکڕای دەنگ، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەندام وەرگیرا.

بە نەبوونی بەڕێز پێیر مۆروا، فەرانسە سیاسەتوانێکی مەزن، سوسیالیزمی دێموکراتیك یەکێك لە سیمبۆلە هەڵکەوتووەکانی و نەتەوەی کوردیش یەکێك لە دۆستە بەوەفاکانی لەدەست دا.

ڕۆحی شاد و یادی بەرز و پیرۆز بێت

مستەفا هیجری

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کوردستان ـ ١٠ژوئەنی ٢٠١٣ی زایینی

## ڕاگەیەندراوی حیزبی دێموکرات لەسەر بە فەرمی ناسینی قەڵاچۆی زندانیانی سیاسیی دەیەی ٦٠ لەلایەن پارلمانی کاناداوە

بڕیاری ڕۆژی چوارشەممە ١٥ی جۆزەردانـی پارلمانی کانادا سەبارەت بە دیاریکردنی یەکی سێپتامبر وەکوو «ڕۆژی هاوپێوەندی لەگەڵ گیراوە سیاسییەکانی ئێران» و ناساندنی قڵاچۆی هەزاران کەس لەبەندکراوەکانی سیاسی ئێران کە لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی (١٩٨٨ی زایینی) لەلایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە بەڕێوەچوو، وەکوو «تاوان دژی مرۆڤایەتی»، هەنگاوێکی شیاو و جێگای ڕێز و سپاسی بێ پایانی ئازادیخوازانی ئێران بەگشتی و نەتەوەی کورد بەتایبەتییە.

بۆ گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان کە پتر لە هەموو لایەنێك لەئێراندا تامی تاڵی کوشتار و تیرۆری ئەم ڕێژیمەی چێشتوە، ئەو هەنگاوەی پارلمانی کانادا بە داکۆکی لە دادپەروەری و هەوڵدان بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و هاوکات هاوپێوەندی لەگەڵ خەباتی ئازادیخوازانی نەتەوەکانی ئێران دەزانین کە شێلگیرانە تێدەکۆشن لەو وڵاتەدا دەسەڵاتێکی دێموکراتیك و ئاشتیخوازانە بونیاد بنێن.

بێگۆمان ئـەم هـەنـگـاوەی پارلمانی کـانـادا و هـەروەهـا بڕیاری پێشووتری وەزارەتی دەرەوەی ئەم وڵاتە لە مانگی سێپتامبری ساڵی ٢٠١٢دا بۆ داخستنی باڵوێزخانەی ئێران و دەرکردنی دیپلۆماتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئێسلامی لەو وڵاتـە، هاوپێوەندی کانادا لەگەڵ بەرەی دێموکراسیخوازیی ئێران بەگشتی و کوردی ئێران بەتایبەتی نیشان دەدات و دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەك تەنیا هەر مەترسییە بۆ ئازادی و ژیانی خەڵك و وڵات، بەڵکوو مەترسییەکی جیدیە بۆ وڵاتانی ناوچە لە خولٚقاندنی شەڕ و کوشتار، وەك ئەوەی لە ئیستادا لە یارمەتییە بێ سنوورەکانی بە ڕێژیمی بەشار ئەسەد بە مەبەستی درێژەی کوشتار و وێرانی هەرچی زیاتر لەو وڵاتە و تەشەنەکردنی بۆ وڵاتی لوبنان بە ئاشکرا دەبینرێ.

بێگومان بۆ ڕزگاریی یەکجاری لە چنگ ئەو ڕێژیمە و بنیاتنانی حکوومەتێکی دێموکرات و سێکولار، هەموو گەلانی ئازادیخوازی ئێران پێویستیان بە پشتیوانی و یارمەتیی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی هەیە و ئەو هەنگاوانەی پارلمانی کاناداش لەو چوراچێوەیەدا جێ دەگرن، لە وڵاتێکی دێموکراتی وەکوو کاناداش هەر ئەو چاوەڕوانییە دەکرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای پێشوازی لەو هەنگاوە شیاوانە سپاس و پێزانینی خۆی پێشکەش بە پارلمانی کانادا دەکا.

هیواخۆازین کە ئەم بڕیارانە سەرەتا و دەسپێکی هەماهەنگی و هاوپێوەندی نێونەتەوەیی بە مەبەستی گۆڕینی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسی

١٨ی جۆزەردانی ١٣٩٢ی هەتاوی

## جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ سێناتۆرێکی سێنای فەڕانسە کۆبووەوە

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٤ی جـۆزەردان، بەڕێز حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و خوسرەو عەبدوڵلاهی نوێنەری حیزب لە فەرانسە، لەگەڵ سێناتۆر «میشێل پی یوو» ئەندامی کۆمیسیۆنی پێوەندییە بیانییەکانی سێنای فەرانسە دیدار و چاوپێکەوتنی ئەنجام دا.لە کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامی کۆمیسیۆنی پێوەندییەکانی سێنای فەرانسە و جێگری ڕێکخراوی ئەمنیەتی ئورووپا، کۆمەڵێك باس و بابەتی پێوەندیدار بە دۆزی کورد، ئێران و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینیان تاوتوێ کرا.

پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران، بەرنامەی ناوکیی ڕێژیمی ئێران، دۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی خەڵکی ئێران تەوەرەکانی دیداری نێوان شەرەفی و «پی یوو» بوو.

کاریگەریی گەمارۆکان بۆ سەر ڕێژیمی ئێران و گوشار بۆسەر هاوڵاتییان، شانۆی هەڵبژاردنەکان، خەباتی نەتەوەی کورد و قەیرانی سووریە و دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی ئێران لەکاروباری ئەو وڵاتە بەشێکی دیکەی باسەکانی کۆبوونەوەی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و ئەو سێناتۆرەی فەرانسە بوو.

لەو دانیشتنەدا باس لەدۆخی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش کرا و پرسی یەکیەتی و هاودەنگیش هاتە گۆڕێ.

بەڕێز شەرەفی لەو پێوەندییەدا باسی لە گیروگرفتەکانی سەر ڕێگای یەکگرتوویی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران کردووە و کۆدەنگیشی بە پێویستێکی مێژوویی زانیوە.

حەسەن شەرەفی لەو دیدارەدا باسی لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ و ڕێککەوتنامەی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە کردووە و جەختی لەوەش کردووەتەوە کە حیزبی دێموکرات لە هەوڵی ئەوەدایە ئەو کۆدەنگییە لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی دێموکرات و چەپی ئێرانیدا پەرە پێبدات.

## بەیاننامەی دەفتەری سیاسی بۆ مەحکوومکردنی سووکایەتی بە ئایینی مرۆڤەکان

هاونیشتمانانی بەڕێز:

هەواڵی گیان لەدەست دانی هاووڵاتییەکی خەڵکی شاری سەحنەی کرماشان بۆ جارێکی دیکە قووڵایی قەیران و ستەم و نادادپەروەری و تاوانی لەنێو سیستمی کۆماری ئیسلامیدا نیشان دا و سەلماندی کە ئەم ڕێژیمە هیچ بەها و نرخێك بۆ مرۆڤ و باوەڕەکانی و ماف و پێداویستییەکانی دانانێ و مرۆڤ تەنیا وەکوو مۆرە و سووتەمەنی بۆ بەڕێوەبردنی پیلانی ڕێژیمەکەی دەوێ.

هەروەك لە هەواڵەکان بڵاو بۆتەوە دوو هاووڵاتیی پەیڕەوی ئایینی یاری، لە دوو ڕۆژی جیاواز و لە ١٤ و ١٥ی مانگی جۆزەردان، بەڵام لە یەك شار و لە یەك شوێن، بە نیشانەی ناڕەزایەتی دەربرین بەرامبەر بە سووکایەتی کردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و دەزگا ئیتلاعاتییەکان بە ئایینی یاری و بیروباوەڕی خەڵکی پێڕەوی ئەو ئایینە، ئاگریان لەخۆیان بەردا و بەداخەوە یەکێکیان گیانی لەدەست داوە و ئەوی دیکەش گیانی لەمەترسی دایە.

خۆسووتاندن و ئاگر لەخۆ بەردان هەرچەند نیشانەی ئەوپەڕی ئامادەیی نیشاندان بۆ قوربانی بوون لەپێناو باوەڕدایە و نیشانەی ئـەوپـەڕی بێزاری لە دۆخـی هەنووکەییە، بـەڵام ناکرێ تەئید و پشتیوانی بکرێ و ڕێگای بەرخۆدان و بەربەرەکانێ و ڕاوەستان لە بەرانبەر ستەم و چەوسانەوەدا زۆرن.

ڕێژیمی ئیدئۆلۆژیك و دواکەوتووی کۆماری ئیسلامی کە تەنیا بیر و ئیدئۆلۆژی خۆی بە تەنیا ڕێگای بیرکردنەوە و باوەڕ دەزانێ و بە ڕەسمی و ناڕەسمی سووکایەتی بە هەموو بیر و بۆچوونێکی دیکە دەکا، نەتەنیا توانای قبووڵکردنی بیر و هزری غەیرە دینی یان سێکۆلاری نییە، بەڵکوو پێڕەوانی دینەکانی دیکەش بە سووك چاو لێدەکا و تەنانەت لەنێو باوەڕمەندان بە ئیسلامیشدا جیاوازی دادەنێ و پەیڕەوانی مەزهەبیی سوننە و پەیڕەوانی ڕەوتە جیاوازەکانی شیعە وەکوو زەیدی و دەروێشەکانی گونابادی و...، بە دوژمنی خۆی دەزانێ و لەژێر گوشار و چەوساندنەوەدا هەموو ماف و ئازادییەکانیان پێشێل دەکا.

پەیڕەوانی ئایینی یاری کە بە زۆرینە لە دوو ئوستانی کرماشان و ئیلام و هەندێکیان لەهەمەدان دەژین، هاونیشتمانانی کورد و کوردستانین کە وەکوو هەموو مرۆڤێك خاوەن بیر و باوەڕی خۆیانن و هیچ کەس و هیچ لایەنێك بۆی نییە سووکایەتی بە باوەڕ و بۆچوونی کەس و گرووپی دیکە بکا و بنەمای پێکەوەژیانی مرۆڤانە، ڕێزگرتن لە باوەڕ و ماف و ئازادییەکانی یەکترە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای پێداگرتنەوە لەسەر جیایی دین لە حکوومەت بۆ ئـەوەی هیچ ئیدئۆلۆژی و کەسێك حکوومەت پاوان نەکا و سووکایەتی و ستەم بە بیروباوەڕەکانی دیکە نەکا، هەروەها بۆ پاراستنی پیرۆزی و کەسی بوونی ئایین، پشتیوانی خۆی لە ویست و داخوازییەکانی پەیڕەوانی ئایینی یاری دەردەبڕێتەوە و دەبێ هەموو کەس بۆ پاراستن و بەڕێوەبردنی پرسە ئایینییەکان ئازاد بێ و نابێ کەس ئازادیی ئەوی دیکە پێشێل بکا.

هەر لەو پێوەندییەدا وێڕای مەحکوومکردنی ستەم و تاوانکارییەکانی کۆماری ئیسلامی و دەزگـا ئیتلاعاتییەکان و مەحکوومکردنی دووبارەی سووکایەتی کردن بە بیروباوەڕی کەسانی دیکە، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی ئەو هاووڵاتییە گیان لەدەست داوە دەکەین و داوای چاکبوونەوەی خێرا بۆ بریندارەکەی دیکە دەکەین، هەروەها لە کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤ دۆستان و نێونەتەوەییەکان داواکارین کە لەبەرانبەر ستەمکاری و تاوانبارییەکانی ڕێژیمی ویلایەتی «فەقیهـ» دا بێدەنگ و بێ هەڵوێست نەبن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسی

١٨ی جۆزەردانی ١٣٩٢ی هەتاوی

٨ی ژوئەنی ٢٠١٣ی زایینی

## کۆتایی دەورەی ٢٠٧ی سەرەتایی پێشمەرگە

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٥ی جۆزەردان ڕێوڕەسمی کۆتایی دەورەی ٢٠٧ی سەرەتایی پێشمەرگە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» دەستی پێکرد.

دواتـر بەشدارانی دەورەکـە چەندین بڕگەی جواروجۆری وەك: «ڕێژە، شەڕی سەرنێزە و ئامادەیی جەستەیی»یان نمایش کرد و لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا بەڕێز «ناهید حوسێنی» ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات چەند وتەیەکی بەو بۆنەوە پێشکەش کرد.

بەڕێز حوسێنی لە قسەکانیدا لە پێناسەی پێشمەرگەدا وتی: ئەوە منم کە پێش مەرگ دەکەوم، بە ڕوویدا پێدەکەنم و دەڵێم من نازناوی پێشمەرگە بۆ خۆم هەڵدەبژێرم و جەبری مەرگ بە ئیرادەی خۆم دیاری دەکەم و مانا بە مانم دەبەخشم.

ناهید حوسێنی باسی لە هەڵبژاردنەکان کرد و ئـەوەی خستەڕوو، یازدەهەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی لەکاتێکدا بەڕێوە چوو کە ئێران لە بواری ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیدا لە ئاستی ناوخۆییدا و دەرەکیدا لەگەڵ قەیران بەرەوڕووە.

دواتر ڕاپۆرتی ئاموزشیی دەورە لەلایەن «خالید سەفەری» مامۆستای فێرگەوە پێشکەش کرا و یەکێك لە بەشدارانی دەورەکە، پەیامی دەورەی سەرەتایی ٢٠٧ی پێشمەرگەی خوێندەوە.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا ٦ کەس لە بەشدارانی دەورەکە لە بواری باشبوونی نێوەنجی نومرە و دیسیپلینەوە خەڵاتیان پێ بەخشرا.

لە نێوئاخنی ڕێوڕەسمەکەدا چەندین پارچە سروود، گۆرانی و شێعر پێشکەش کرا.

بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئـێران

# بەیاننامەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ بەناو هەڵبژاردنی سەرکۆماریی و ئاکامەکانی

هاونیشتمانانی بەڕێز!
ئازادیخوازانی ئێران!
کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەپێی بەرنامەی دارێژراو ڕۆژی ٢٤ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٢ی هەتاوی بەناو هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری و هەڵبژاردنی شۆراکانی شار و دێی بەڕێوە برد.

ئەو هەڵبژاردنە لە هەلومەرجێکدا بەڕێوە برا کە تاقیکاری ئەمجۆرە هەڵبژاردنانە و بێ ئاکامبوونەکانی بۆ زۆربەی خەڵك و هێز و لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن و تەنانەت نارازییانی نێو دەسەڵاتیش دەرکەوتبوو و هەر بۆیەش بە شێوەیەکی کەم وێنە و بە ڕادەیەکی نزیك بە تەواوی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن و بەشێك لە نارازیانی نێو دەسەڵات شانۆسازی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمارییان تەحریم کرد.

بەرین بوونی ئەو تەحریمە بە ڕادەیەك بوو کە ڕێژیمی بە تەواوی نیگەران کرد و ڕێبەری ڕێژیمی ناچار کرد داوا بکا ئەوانەش کە پشتیوانی لە ڕێژیم ناکەن بە خاتری وڵات بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن. بە کردەوەش جۆرێك موهەندیسی بەناو هەڵبژرادنەکەی کرد و پلانی وای دارِشت کە تا ڕادەیەك نارِازییانی نێو بازنەی ڕێژیم بە بەشداری کردن و ئامادەبوون لەسەر سندووقەکانی دەنگدان ڕازی بکا. ئەوەش لە حالێکدا بوو کە پێشتر شۆرای نیگابان تەنیا ٨کەس لەوانەی تەئیدی سەلاحییەت کردبوو، کە هەموویان لە مۆرە دەستچنکراوەکانی خامنەیی بن و دەرچوونی هەرکامیان بۆ ناوبراو فەرقی نەبێ، بۆ ئەوەی کە لەرەوتی هەڵبژاردنەکاندا ناچار بە ڕاسپاردە بۆ کەسێکی تایبەتی نەبێ و پێویستیش بەدەست بردن لەسندووقەکان و گۆڕینی دەنگەکان نەکا. جیا لەوە بۆ ئەوەی خەڵك بەرە و سندووقەکانی دەنگدان هان بدا و پەلکێشیان بکا شانۆی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریی هاوکات و لە هەر شار و شوێنێك لە یەك شوێن و لە یەك کاتدا لەگەڵ هەڵبژاردنی شۆرای شار و دێدا بەڕێوەی برد، هەتا وا نیشان بدا کە بەشداری خەڵك پێشوازی لە هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری و پشتیوانی لەرێژیمە، هەر بۆیە لە ڕواڵەتدا دەنگ وەرگرتن و دەنگ بژاردنێکی بێ کێشە و لە واقیع و لە نێوەرۆکدا هەڵبژاردنێکی نادێموکراتیك بەڕێوە چوو.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و شەخسی خامنەیی لە بێ کێشە بەڕێوە چوون و بەشداری بەشێکی زیاتر لەخەڵك لەو شانۆسازییەدا ڕەزامەندی خویان دەربڕی و بەشداریی ٣٦میلیۆن کەسیان لەو هەڵبژرادنەدا بە پشتیوانی خەڵك لەو ڕێژیمە نیشاندا و بە پووچەڵکردنەوەی هەڵویستی تەحریم دانا.

پێویستە بگوترێ بە پێ ئاماری خودی ڕێژیم ٥٦ میلیۆن کەس لەئێران خاوەنی مەرجی دەنگدان بوون کە لەو ڕێژەیە ٣٦ میلیۆن کەس چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان و دەریخست کە نزیك بە ٢٠ میلیۆن کەس لەوانەی خاوەنی مەرجی دەنگدان بوون لەبەشداری کردن لەو هەڵبژاردنە خۆیان بواردوە.

لەو ٣٦ میلیۆن دەنگەش هەر بە پێ ڕاگەیاندنی وەزارەتی نێوخۆ نزیك بە یەك میلیون و سێ سەد هەزار دەنگی باتڵ هەبوو کە ئەم ڕێژانە ناتوانن ئیدعای ڕێژیم بۆ بەشداری ٧٢لە سەدی خەڵك لەو هەڵبژاردنەدا بسەلمێنێ.

ئەوەش روونە کە بەشی زۆری ئەوانەی بەشداری هەڵبژاردنیان کرد نە بۆ پشتیوانی لەرێژیم، بەڵکوو بۆ ناگووتن بە ڕێژیم و دەنگدان بە کاندیدایەك بوو کە ئەو مەبەستە دەربخا.

لە ڕەوتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا کاندیداکان وێڕای ڕەخنە لە کردەوەکانی دەوڵەتی پێشوو، هێندێ وادە و بەڵێنیان دا کە گۆیا دۆخی نالەباری ئابووری وڵات و بژێوی خەڵك باش دەکەن و کێشەکانیان لەگەڵ دونیای دەرەوەوە چارەسەر دەکەن. ئەوەش لە حالێکدایە کە هەر لە ڕەوتی پڕوپاگەندەکانی هەڵبژاردندا بە چەندجار کاندیدا دەستچنکراوەکان وریا دەکرانەوە کە بەڵێنی وا نەدەن و لە مەسەلەیەك نەدوێن کە لە دەسەڵاتی سەرۆك کۆمار بەدەرن، بە کردەوەش و تارادەیەکیش بەپێی یاسا سەرۆك کۆمار لەرێژیمی کۆماری ئێسلامی ئێراندا تەنیا بەڕێوەبەری ئەمری ڕێبەرە و دەوری لە سیاسەتدانان و بڕیاری گرنیگدا نیە.

خۆ ئەگەر وا دابنێن ئەوەی ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ بەشداری خەڵك لە هەڵبژاردندا ئیدعای دەکا ڕاستن، دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بێ کە هەم لە ئێران و لە ڕێژیمی پێشووشدا و هەم لە وڵاتانی دراوسێ و لە ژێر حاکمییەتی دیکتاتۆریدا زۆر هەڵبژاردن بەڕێوەچوون کە ئاکامی زیاتر لە ٩٠ لەسەدیان بۆ ڕێژیمەکان لێدەکەوتەوە، بەڵام کاتێك هەڵوێستی دژ بە دیکتاتۆری هاتە ئاراوە لەو ڕێژانە نەك خەبەرێك نەبوو ڕاست بە پێچەوانەوە دەرچوون.

ئەوانەی بەم وەزعەوە و بە سەرکەوتنی هەڵبژاردنی موهەندیسی کراوی ڕێژیم دڵخۆشن و تانە لە تەحریم و لە تەحریم کردووەکان دەدەن پێویستە ئەوەیان لەبەرچاو بێ کە دابەشکردنی خەڵك بە دەنگدەر و تەحریمکردوو کە هەر دووکیان هەڵوێستی ناگوتن بە ڕێژیمیان مەبەست بووە، زەربە لە یەکگرتوویی خەڵك دەدەن و داهاتووش دەری دەخا کە ئەم جۆرە شانۆسازیانە شوێنێکی ئەرێنی لەسەر کرانەوی کەش و هەوای سیاسی دانانێن، چوونکە بڕیاردەری سەرەکی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا شێوازێکی لەو چەشنە بە قازانجی ڕێژیم و درێژەی دەسەڵاتەکەی نازانێ.

ئاکامی ئەو هەڵبژاردنە و براوە دەستنیشان کراوەکەی، یانی ئاغای رووحانی کە لایەنگریی ئیسلاح تەڵەبانی لە پشت بوو، بێ ئەوەی خۆی بە ئیسلاح تەڵەب بزانێ، لەلایەن هێندی وڵاتانی ڕۆژئاواییەوە پێشوازی لێکرا، بەو هیوایە کە دەرگا داخراوەکانی کێشە بنەڕەتییەکانی ڕێژیم لەگەڵ دونیای دەرەوە بکاتەوەو لەئاکامدا فشارە ئابوورییەکان سووك ببن، ئەو چاوەڕوانییە بێجگە لەوەی هەڵوێستێکی بە پەلەیە، مانای ئەوەیە کە گیر وگرفتی ئەو وڵاتانە لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران فەرقی هەیە لەگەڵ ئەم داخوازیانە کە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لە ئازادی، دێموکراسی، مافی نەتەوایەتی، عەداڵەت و دادپەروەری و بەرابەری ژن و پیاو لە خێزان و لە کۆمەڵدا هەیانە و ئەوانەش شتێکن کە لەگەڵ ئیدئولوژیەك کە کۆماری ئیسلامی پێی پابەندە لە ناتەباییدان، هەر چەند وێ ناچێ ڕێژیم لەم سیاسەتەی پێشووی پاشگەز بێتەوە و پێشوازی وڵاتان بکاتە واقعییەت.

ئەوەی بۆ نەتەوەکان و خەڵکی ئێران گرینگە ئەوەیە کە تەحریم کردووەکان ڕێز بۆ ئیرادەی بەشدار بووانی هەڵبژاردن دابنێنن و دەنگدەرانیش ڕێز بۆ ئەو کەس و حیزب و لایەنە سیاسییانە دابنێن کە ئەوانیش بە مەبەستی «نا» گوتن بە ڕێژیم هەڵوێستی بایکۆتی شانۆسازی هەڵبژاردنیان گرتە بەر.

سەرکەوتنی رووحانی لەو هەڵبژاردنەدا هەرچەند مانای ناگوتن بە ڕێبەر و هاوفکرانی دەبەخشی، بەڵام ئەگەر ئیرادەی خامنەیی بۆ ئاڵوگۆڕێکی بەرتەسك و قبوولی قەیرانی بوونی وەزعی وڵات و دەرچوون لەو وەزعەی لە پشت نەبێ وێناچێ بتوانێ سەرچاوەی تەنانەت ئەو ئاڵوگۆڕە بەرتەسکەش بێ کە ئیدیعای دەکا. هەر وەك ڕەفسنجانی و خاتەمیش لە سەردەمی سەرۆك کۆماری خۆیاندا چیان بۆ نەکرا و دانیان بە بێدەسەڵاتی خۆیان نا.

ئەرکی خەڵکی ئێران بە گشتی پاش ئەو بەناو هەڵبژاردنە ئەوەیە کە بە شێوەیەکی تێکرایی و بە جیددی لەسەر داخوازە سیاسی و ئەساسییەکانی خۆیان سوور و پێداگر بن و ئەو واقعییەتە لەبەرچاو بگرن کە لەمپەڕی سەر ڕێگای دێمۆکراسی و مافە نەتەوایەتییەکان و عەداڵەت و ئابوورییەکی سالم و خوشگوزەرانی خەڵك و لە نێوبردنی جیاوازی دانان و هەڵاواردن بە ئاڵوگۆڕی مۆرەکانی نێو دەسەڵات و یەك لەوان سەرۆك کۆمار نایەتە دیی، بەڵکوو یاسای بنەڕەتی، دەسەڵاتی بێ سنووری ڕێبەر، وەڵامدەر نەبوونی ڕێبەر لە بەرانبەر خەڵکدا، دەوری سوپای پاسداران و دەسەڵاتی فرەڕەهەندی و دەست بەسەرداگرتنی سامانی وڵات لە لایەن ئەو سوپایەوە و دەوری شۆرای نیگابان و بەگشتی بوونی ئەو ڕێژیمە لە تەواوییەتی خۆیدا لەمپەڕی ئەسڵین لەسەر ڕێگای دێموکراسی و بەداخەوە هیچ بەناو ئیسلاحتەڵەبێکیش بەرنامەی بۆ لابردنی ئەو لەمپەرانە نییە و تەنانەت لێیشی نادوێن و باوەڕیان بە سووڕانەوە لە بازنەی ناچاربوون لە هەڵبژاردن لە نێوان خەراپ و خەراپتردا هەیە کە ئەوە ویستە ئەسڵییەکانی خەڵکی ئێران ناهێنێتە دی.

ئەوەش کە بەشی زیاتری خاوەن مەرجەکانی دەنگدان چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان حقانیەتێکی ئەوتۆ بۆ ڕێژیم ناسەلمێنێ، بۆ مەگەر لە ڕێفراندۆمی ساڵی ١٣٥٨دا کە بێجگە لە کورد و هێزە سیاسییەکانی کە ڕێفراندۆمیان بە هۆی نادێموکراتیك بوون تەحریم کرد، بە قسەی ڕێژیم ٩٠ لە سەدی خەڵك دەنگیان بە دامەزراندنی نیزامی کۆماری ئیسلامی نەدا؟ کە ئەمڕۆ هەڵوێستی کورد بۆتە هەڵوێستێکی مێژوویی و زۆربەی دەنگدەران بەو ڕێژیمەش، ئێستا لێی بێزران و لەو دەنگە کە داویانە پەشیمانن.

رووحانی براوەی ئەو هەڵبژاردنە لەپڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا لە ئاشتی نەتەوەیی دەدوا کە دیارە مەبەستی ئاشتی لە چوارچێوەی لایەنەکانی نێو ڕێژیم دایە بۆ ئەوەی دردۆنگییەکانی نێوانیان بڕەوەێنێتەوە و لە ناکۆکیەکانیان کەم بکرێتەوە کە ئەگەر لەو پێوەندییەدا سەرکەوتوو بێ چ خێرێکی بۆ خەڵك لێدەکەوێتەوە؟ داوەری لەسەر ئەوە کە رووحانی لە نێوان وەفادار بوون بە بەڵێنییە بەرتەسکەکانی و وەفادارمانەوەی وەك ڕابردوو بە خامنەیی قورسایی بەکام لادا دادەخا ڕەنگە زوو بێ‌و داهاتوو ئەوەمان پتر و روونتر بۆ دەردەخا و تاقیکاریەکی دیکە دەخاتە بەرچاوی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و بیروڕای گشتی جیهانی.

بەگشتی ئاکامی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار لە ئێراندا شتێك نییە کە حقانیەتی بەشداریی لە هەڵبژاردندا بسەلمێنێ یا هەڵوێستی بایکوت کردن بە نەشیاو دەربخا، چوونکە لە هەردوو حاڵەتدا مەبەست ناگوتن بە ڕێژیمێك بوو کە لەو هەڵبژاردنەدا خۆی بە سەرکوتوو دەزانێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٣٠ی جۆزەردانی ١٣٩٢ی هەتاوی
٢٠ی ژووئەنی ٢٠١٣ی زایینی

## کۆچی دوایی دایک و باوکی چەند شەهیدی ڕێگاری ڕزگاری لە ناوچەکانی کوردستان

**پیرانشار:**

دایە فاتمە کچی ئیبراهیم ئیسماعیل نژاد(برایم سێوە) خەڵکی ئاوایی «کەڵەکین»ی پیرانشار و دایکی شەهید ئەبووبەکر ئیسماعیل نژاد کۆچی دوایی کرد.

شەهید ئەبووبەکر ئیسماعیل نژاد ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی هاوڕێ لەگەڵ شەهید تاهیر خزری لە شوێنێك بەناوی قوبادبەیگان شەهید بوو. تەرمی دایە فاتمە لەنێو ئاپۆڕای خەڵکدا لە گۆڕستانی گوندی «کەڵەکین» بەخاك سپێردرا.

**کامیاران:**

ڕێکەوتی ١٥ی جۆزەردان دایە ڕێحان یووسفی، دایکی کەیوان فاتحی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات، لەتەمەنی ٥٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. دایە ڕێحان خەڵکی ئاوایی «دەرەویانی خوارو»ی سەر بە شاری کامیاران بوو.

**سنە:**

باوکی شەهیدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەناوچەی ژاوەرۆی سنە کۆچی دوایی کرد.

عەبدوللا قەوامی خەڵکی ئاوایی «گەڵوان»ی سەر بە ناوچەی ژاوەرۆی سنە بە هۆی نەخۆشی ماڵاوایی لە ژیان کرد.

کاک عەبدوڵڵا باوکی سەلاح قەوامی شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو.

**بۆکان:**

ڕەحمان شابازی ئەندامی لەمێژینەی حیزبی دێموکراتی کورستان، لەئاوایی سەراو لەناوچەی ئاڵەشینی بۆکان لەتەمەنی ٨٢ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

کاك ڕەحمان (ڕەحمان مینەیی) لەکاتی تێکۆشانی ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی ئاڵەشین پەیوەست بە ریزەکانی حیزب بووە.

ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی بنەماڵەی کاك ڕەحمان لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە هێرشیان دەکرێتە سەر و لەو هێرش کردنەدا خوشکە «ئایشێ»ی خێزانی و هەروەها برایەکی بەناوی ڕەحیم شابازی و برازایەکی بەناوی سەعید شابازی هاوڕێ لەگەڵ ٦ کەسی دیکە لە ئاوایی سەراو گیانیان لێ ئەستێنرا.

کاك ڕەحمان سەرەڕای زەبر و زەنگی ڕێژیمی ئێران هیچکات وەرەی بەر نەدا و لە ویستەکانی پاشگەز نەبووەوە و بەردەوام پشتیوانیی لە ژمارەیەك لەئەندامانی بنەماڵەکەی کە لە ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا بوون، دەکرد.

**سەوڵاوا:**

توبا مستەفایی دایکی شەهید سەربەرز ڕەزایی، بەهۆی نەخۆشی لە نەخۆشخانەی «تامین اجتماعی» شاری سنە کۆچی دوایی کرد.

دایە توبا خەڵکی ئاوایی «زۆنج» لە ناوچەی کەڵاتەرزانی شارستانی سەوڵاوا و دایکی سەبەرز ڕەزایی شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەهۆی نەخۆشی ماڵاوایی لەژیان کرد.

شەهید سەربەرز لەسەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە، هاتە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لە هێزی زرێبار.

سەربەرز ڕەزایی لە بەهاری ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە بەدیل گیرا و لە پادگانی مەریوان ئێعدام کرا و چووە ریزی شەهیدانی حیزب و گەلەوە.

**سەردەشت:**

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٦ی جۆزەردان پیرۆز ئومییان دایکی ڕەشید قادری شەهیدی حیزبی دێموکرات، خەڵکی ئاوایی بێتووشی ناوچەی ئالانی سەردەشت بە هۆی نەخۆشی ماڵاوایی لەژیان کرد.

دایە پیرۆز لە نێو خەڵکی ئاوایی بێتووش و ناوچەکەدا بە کەسێکی نیشتمانپەروەر و خۆشناو ناسرابوو. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵەکانی دایە فاتمە، عەبدوڵڵا قەوامی، ڕەحمان شابازی، توبا مستەفایی، پیروز ئومییان، و ڕەیحان یووسفی دەکات و خۆی بەشەریکی خەمیان دەزانێت.

# رووحانی، کرانەوە یان داخرانێکی دیکە

## لە وتووێژێکدا لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران



**یازدەهەمین خولی هەڵبژاردنی سەر کۆماری لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، رۆژی هەینی ٢٤ی جۆزەردانی ١٣٩٢ بەڕێوە چوو و حەسەن رووحانی، توانیی بە تەرخانکردنی زیاتر لە نیوەی دەنگەکان، ببێتە سەرکۆماری داهاتووی رێژیم. لە پێوەندی لەگەڵ ئەم رووداوە و کاریگەرییەکانی لە سەر داهاتووی سیاسیی رێژیمی کۆماری ئیسلامی و رۆڵ و پێگەی لە هاوکێشە جیهانی و ناوچەییەکاندا و هەڵوێست و روانگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم پێوەندییەدا، رۆژنامەی کوردستان وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات ئەنجام داوە کە سەرنجی خوێنەرانی بەڕێز بۆ دەقی تەواوی ئەم وتووێژە رادەکێشین:**

**١. بەشداریی ٧٢٪ی خەڵک لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری و دەنگدانیان بە حەسەن رووحانی، لە ژێرکاریگەریی چ فاکتەر و هۆکارگەلێکدا بوو؟**

**و:** بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا و دەنگدانیان بە حەسەن رووحانی پێش لە هەر هۆکارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ بێزاریی خەڵکی ئێران لە سیاسەتەکان و بەرنامەکانی ئۆسوولگەراکان. ئەو سیاسەت و بەرنامانەی کە بە درێژایی یەک دەیەی رابردوو، وڵاتی لە روانگەی نێوخۆیی و دەرەکییەوە تووشی قەیران کردووە و بە بنبەستی گەیاندووە و هیچ ئۆمێدێکی بۆ چاکبوونی بارودۆخەکە لە لایەن ئەم گرووپەوە نەهێشتبووەوە. حەسەن رووحانی هەرچەند وەک رێفۆرمخواز نایەتە ئەژمار، بەڵام بیرۆکەکانی ناوبراو لە رەوتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکاندا بەتایبەت رەخنەکانی ناوبراو لەهەمبەر سیاسەت و کردەوەکانی هەنووکەی ئۆسوولگەراکان لە هەر بوارێکدا بوو بە هۆی ئەوەیکە خەڵک بە ئۆمێدی وەدیهاتنی بەڵێنییەکانی، دەنگەکانی خۆیان بە قازانجی ناوبراو بخەنە نێو سندووقەکانی دەنگدانەوە.

رێفۆرمخوازانیش کە لێدوانەکان و بەڵێنییەکانی ئاغای رووحانی نزیک بوو لە چوارچێوەی ویست و داخوازییەکانیان، پاڵپشتییان لە ناوبراو کرد و بەتایبەت رۆڵی موحەممەد خاتەمی و رەفسەنجانی لە راکێشانی دەنگی گرووپە جیاوازەکانی رێفۆرمخوازان و ژمارەیەک لە ئۆسوولگەرا میانەڕەوەکان لەمبارەوە کاریگەرییەکی بەرچاوی بوو.

هەروەها دەست لەکارکێشانەوەی عارف یارمەتییەکی زۆری کرد بۆ ئەوەیکە هەموو دەنگەکانی ئەم گرووپانە بە قازانجی ئەم پرۆسەیە بچێتە سندووقەکانی دەنگدانەوە، کردەوەیەک کە پاڵێوراوانی ئۆسوولگەرا نە تەنیا نەیانتوانی ئەنجامی بدەن، بەڵکوو لە رەوتی مونازرەکان و پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکاندا، دژی یەکتر بانگەشەیان دەکرد، بەم شێوە دەنگەکانیان پرش و بڵاو و دابەش بوو و هێزی رکابەرییان لەگەڵ رووحانی لەدەست دا.

ئەم هەڵبژاردنە و ئاکامەکانی کۆمەڵێک راستیی دیکەشی ئاشکرا کرد، بۆ نموونە پیشانی دا کە رێفۆرمخوازەکان سەرەڕای بوونی ئەو جیاوازییانەی کە لەگەڵ یەکتردا هەیانبوو، توانیان بە هۆی راوێژەکان و رێنوێنیەکانی بەرپرسانی ئەم رەوتە لەگەڵ یەکتر لە سەر پاڵێوراوێک رێک بکەون. لە کاتێکدا کە جیاوازیی بیروبۆچوونەکان لە نێوان ئۆسوولگەراکاندا ئەوەندە زۆر و توند بوو کە ئەوانی لە ئەنجامدانی وەها رێککەوتنێک بێبەش کرد.

**٢. بە رای بەڕێزتان، هەڵبژاردنی رووحانی بە واتای گوتنی پەیامی «نا» بۆ سیاسەتەکانی رێژیم بوو، یان دەتوانین بڵێین وەڵامدانەوە و پێشوازیکردن لە بانگەوازی خامنەیی بۆ بەشداریکردن بوو؟**

**و:** هەڵەیە کە وا بیر بکرێتەوە کە هەڵبژاردنی رووحانی وتنی «نا» بوو بە سیاسەتەکانی رێژیم و «ویلایەتی فەقیە». بەڵکوو راستییەکەی ئەمەیە کە رووحانی ملکەچ و فەرمانبەری رێبەرە و سیاسەت و بەرنامەکانی رێبەر بەڕێوە دەبات، تەنیا بەم جیاوازییەوە کە لە شێوەی دەربڕین و سیاسەتدا هەندێک ماقووڵتر هەوڵ دەدا تا بتوانێ درگاگەلێ کە ئێستا بە هۆی توندوتیژی و بە وتەی خۆی «بێ رەوشتی»یەکانی رابردوو لەسەر ئێران داخراوە و بارودۆخی وڵاتی گەیاندووەتە ئاستی تەقینەوە، تا رادەیەک بکاتەوە، لە راستیدا رۆڵی سووپاپی دیگێکی هەڵمی دەبێت، سیاسەتگەلێ کە کەم تا زۆر خاتەمی و رەفسەنجانییش لە خولەکانی سەرکۆماریی خۆیاندا بەڕێوەیان برد و بەم جۆرە توانیان بۆ چەند ساڵێک رۆژئاوا هیوادار بکەن.

**٣. تاچ رادەیەک پێتان وایە ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە، هاوتەریب لەگەڵ پرۆژە گشتییەکانی رێژیم و بەیتی رێبەریی رێژیمدا بوو؟**

**و:** ئەگەر ساختەکارییەک لە دەنگەکاندا یان ژماردنی دەنگەکاندا نەکرابێ، دەتوانێ هۆکارەکەی ئەمە بێت کە بەڕێوەبەری هەڵبژاردنەکان، دەوڵەت بوو و هەروەها دەوڵەت لە لێژنەی چاوەدێریدا رۆڵی سەرەکیی هەبوو و ئەمجارە بە پێچەوانەی خولی دەیەمی سەرکۆماری، دەوڵەت لەگەڵ ئۆسوولگەراکان نە تەنیا رێککەوتنێکی ئەوتۆیان بۆ هاوئاهەنگی لە ئەنجامدانی ساختەکاریدا نەبوو، بەڵکوو بە رکابەری ئۆسوولگەراکان بە ئەژمار دەهات و ئەم جیاوازییە ئەنجامدانی ساختەکاریی دژوار کردبوو و تێچووەکانی بۆ ئۆسوولگەراکان زۆر دەبردە سەرەوە و رێژیم توانای دانی ئەم تێچووەی نەبوو و لە لێکەوتەکانی نیگەران بوو. دەکرێ بڵێین کە رێژیم چاوەڕوانیی وەها پێشوازییەکی لە رووحانی نەبوو، کەوایە من دردۆنگم کە هەڵبژاردنەکان و ئاکامەکانی هاوتەریب لەگەڵ پرۆژە کەڵانەکانی سیاسەتدانانی رێژیم داڕێژرابێت. بۆ ویلایەتی فەقیە هەڵبژاردنی هەرکام لە پاڵێوراوەکان جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبوو، هەروەها کە هەمووی ئەوان بۆ نموونە رووحانی لە رەوتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکاندا، ئەمەگداریی تەواوی خۆیان بە رێبەر راگەیاندبوو و هەموو تاوانەکان و کەموکووڕی و هەڵەکانیان خستە پاڵ ئەحمەدینژاد و دەوڵەتەکەی و یەکتر، بە شێوەیەک کە دەڵێی رێبەر هیچ کاریگەرییەکی لە کەڵکەبوونی ئەو هەموو قەیرانەدا نەبووە. لە داهاتووشدا ئاغای رووحانی لە چوارچێوەی سیاسەتەکان و رێنوێنییەکانی رێبەردا کار دەکات. کەوایە پێویستییەک بۆ ئەم رێککەوتن و هاوتەریبییە لەگەڵ وەئەستۆ گرتنی ئەو تێچووە قورسە بوونی نەبوو.

> **ئێمە پێشتر هێمامان بۆ ئەم راستییە کردووە کە سەرکۆمار هەر کەسێ بێت، بە وتەی ئاغای خاتەمی، «تداركاتچییەك» زیاتر نییە و گۆڕەپانی مانۆڕدانی ناوبراو زۆر بەرتەسکە. کەوایە ئەگەر لە داهاتوودا گۆڕانێک لە سیاسەتە نێوخۆیی و دەرەکییەکاندا روو بدات، دیسان سەرچاوەی ئەم گۆڕانە، ویلایەتی فەقیە دەبێ، نەک سەرکۆمار**

**٤. هێندێک لە وڵاتانی رۆژئاوایی لە هەڵوێستە فەرمییەکانی پێش هەڵبژاردندا، بە هەڵبژاردنێکی داخراو و نادێموکراتیک ناویان لێ دەبرد، بەڵام ئێستا راشکاوانە یان پەنانەکی، پێشوازییان لە ئاکامەکەی کردووە. گەلۆ وەرچەرخانێک لە سیاسەتی رۆژئاوادا بەرانبەر بە ئێران روو دەدات؟**

**و:** لە سیاسەتی رۆژئاوادا هیچ وەرچەرخانێک رووی نەداوە، چونکوو ئەو چاوەڕوانیانەی کە ئەوان لە رێژیم هەیانبوو و لە داهاتووشدا دەیانبێت، پیشاندانی ئاسانکاری لە بەرنامەی ناوکی و گەیشتن بە رێککەوتن لەگەڵ ئەواندایە. رووحانی لە بانگەشە و پڕوپاگەندەکانی خۆیدا چرایەکی سەوزی بە ئەوان پیشان دا و لەم گۆشە نیگایەوە ئەوانی تا رادەیەک هیوادار کرد. پرسی دێموکراتیک بوون یان نادێموکراتیک بوونی هەڵبژاردنەکان بۆ رۆژئاوا لە پلەیەکی نزمتردایە.

**٥. بە سەرنجدان بەو پەیامانەی کە لەلایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە ئاراستەی رێژیم دەکرێن، پێتان وایە بوونی حەسەن رووحانی لە پۆستی سەر کۆماریی رێژیمدا هەڵگری چ ئاڵوگۆڕێک لە سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکیی رێژیمدا دەبێت؟**

**و:** ئێمە پێشتر هێمامان بۆ ئەم راستییە کردووە کە سەرکۆمار هەر کەسێ بێت، بە وتەی ئاغای خاتەمی، «تدارۆکاتچییەک» زیاتر نییە و گۆڕەپانی مانۆڕدانی ناوبراو زۆر بەرتەسکە، کەوایە ئەگەر لە داهاتوودا گۆڕانێک لە سیاسەتە نێوخۆیی و دەرەکییەکاندا روو بدات، دیسان سەرچاوەی ئەم گۆڕانە، ویلایەتی فەقیە دەبێ، نەک سەرکۆمار.

**٦. ئەرک و بەرپرسایەتیی ئۆپۆزیسیۆن لە داهاتووی پاش ٢٤ی جۆزەردانی ٩٢دا چیە و تا چ رادەیەک پێتان وایە ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنە، قورسایی کار و تێکوشانی نەیارانی رێژیم زیاتر و هەلومەرجیان دژوارتر دەکات؟**

**و:** پێم وابێ هاتنە سەرکاری سەرکۆماری نوێ لانیکەم بۆ یەک ساڵ، خەڵکی ئێران و رۆژئاوا لە چاوەڕوانیی کردەکی بوونی بەڵێنییەکانی ناوبراودا دەهێڵێتەوە. کەواتە لەم ماوەدا، رۆژئاوا لە بیری دۆزینەوەی رێگەچارەیەک بۆ بەدەستهێنانی پوانگەلێکی نە ئەوەندە بەرچاو لە پێوەندی لەگەڵ دۆسیەی پیتاندنی ئۆرانیۆمدا دەبێت و خەڵکی ئێرانیش لەم ماوەیەدا رادەوەستن و چاوەڕوان دەبن تا رەنگە لەم ئیمامزادە موعجیزەیەک ببینن، رەنگە هەر بەم هۆیەشەوە لەم ماوەیەدا ئۆپۆزێسیۆنی رووخێنەر دەبێ تێکۆشان و روونکردنەوەی زیاتر ئەنجام بدات، بەڵام ئەوەیکە ئەم موعجیزە روو دەدات یان نا، دەبێ چاوەڕوان بین.



# کۆماری ئیسلامی و سەرئێشەکانی مونازرەیەکی ئاسایی

■ سەلام ئیسماعیل پوور

بەڕێوەچوونی مونازرەکان لە هەڵبژاردنەکاندا یەکێك لە شێوازە باوەکانی سیستمە دێموکراتیکەکان بۆ خستنەڕووی بەرنامە سیاسییەکانی کاندیداکان و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ بەراورد و دەستچنکردن لە نێویاندا بۆ خەڵك و دەنگدەرانە.

مونازرە، پێویستی بە کەشێکی کراوە و هەلومەرجێکە کە تێیدا کاندیداکان بتوانن بە ڕەخنەگرتن لە بارودۆخی گشتیی سیستم و کۆمەڵگا و کەموکوڕیی بەرنامەکانی یەکتر، ڕێوشوێنە کردەکییەکانی خۆیان بۆ تێپەڕین لە دۆخی نەخوازراو و وەڵامدانەوەی داخوازییەکانی دەنگدەران پێشکەش بکەن.

بەڵام کاتێك کە ڕێژیمێکی پاوانخواز و ئیدئۆلۆژیك بیهەوێ لە ئامرازەکانی کایەیەکی دێموکراتیك بە قازانجی خۆی کەڵك وەربگرێت و خۆی وەکوو سیستمێکی دێموکراتیك بنوێنێ، دەکەوێتە دۆخێکی پارادۆکسیکاڵ کە ئەو کێشەیە لە دژایەتیی جەوهەریی وەها ڕێژیمێك لەگەڵ دێموکراسی و لاوازییەکانی لە بەڕێوەبردنی ئەو شانۆگەرییەوە سەرچاوە دەگرێت.

مونازرەکانی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا یەکێك لە نموونە بەرچاوەکانی ئەو کایە بێ ئاکامەن کە ڕێژیم سەرەڕای ئاگاداربوون لە لاوازیی خۆی لە بەڕێوەبردنی ئەو شانۆگەرییەدا، پێداگرە لەسەر ئەوەی کە بۆ ڕاکێشانی دەنگدەرانی ئەرکدارکراو، لەو میکانیزمە کەڵك وەربگرێت.

هێشتا مونازرە تەلەڤیزیۆنییەکانی ساڵی ١٣٨٨ لەبیر نەچوونەتەوە، بڕیار وابوو ئەم مونازرانە تەنووری هەڵبژاردن گەرم بکەن و ڕەوایی دێموکراتیك بە کۆماری ئیسلامی بدەن، بەڵام بێ ئەزموونیی ڕێژیم لە بەڕێوەبردنی وەها بەرنامەگەلێکدا بوو بە هۆی ئەوەی کە بەربژارەکان بۆ ڕاکێشانی دەنگی خەڵك، دەست بدەنە لەقاودانی ڕۆڵی یەکتر لە دۆسیەکانی گەندەڵی و تاواندا، ئەم ڕاستییە ئەگەرچی یارمەتیدەری ڕێژیم لە بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنێکی پڕ جۆش و خرۆشدا بوو، بەڵام بە شێوەیەکی نەخوازراو بوو بە هۆی ئەوەی کە هێندێك قسە و باسی نەوتراو لە تەلەڤزیۆنی ڕێژیمەوە بڵاو بکرێنەوە کە بینەرانی ئەو تەلەڤیزیۆنە تا ئەو سەردەمە پێی نامۆ بوون و ئاگاداربوونیان لەو پێوەندییەدا بوو بە هۆی تووڕەیی زیاتری خەڵك لە گەندەڵی و تاوانکاریی تاقمەکانی دەسەڵات لەو ڕێژیمە مافیاییەدا.

مووسەوی، کەڕووبی، ڕەزایی و ئەحمەدی نژاد هەرگیز نە هێندە ئابڕوویان هەبوو کە پەردە لە سەر ئێعدامەکان، تێرۆرەکان و سەرکوتە خوێناوییەکان هەڵ بدەنەوە و نە ڕێگەی ئەوەیان پێ دەدرا کە ڕۆڵی یەکتر و دەستی تاوانباری ڕێژیم لە تاوان و کارەساتەکاندا بە تەواوی ئاشکرا بکەن، بەڵام ئاگاداربوون لە تۆزقاڵێك لە کەمبایەخترین کەموکوڕییەکان و سووکترین تاوانکارییەکانی ئەم تاقمانەش بەس بوو بۆ ئەوەی کە ئاگری ڕقی خەڵك بڵێسە بستێنێ و شەقامەکان بۆ یەکەمجار ببنە گۆڕەپانی سەرهەڵدانی میلیۆنیی خەڵك دژ بە ڕێژیم کە دەیهەویست جێژنی هەڵبژاردنی ٤٠ میلیۆن کەسی بگرێت.

٤ ساڵ پاش ئەو ڕۆژانە، هەڵبژاردنێکی دیکە و مونازرەیەکی دیکە بە مەبەستی ڕاکێشانی خەڵك بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان، جارێکی دیکە ترسی ڕێژیمی لە کەمترین ڕەخنە و دۆخی کراوە بە ڕوونی نیشان دا. لە مونازرەکانی ئەمجارەدا ڕێژیم زۆرترین هەوڵی خۆی خستەگەڕ بۆ ئەوەی کە هەم شانۆگەریی مونازرە وەڕێ بخات و هەم بە داخستنی کەشی مونازرەکان، ڕێگای هێنانەگۆڕی باسە جەنجاڵییەکان، تەنانەت لە لایەن بەربژارەکانی سەرکۆمارییەوە بەربەست بکات و ئەم قۆناغە بە بێ کێشە تێپەڕ بکات، بەڵام کاتێك کە دوو مونازرەی سەرەتایی بەربژارەکان سەرنجی خەڵکی ڕانەکێشا و تەنانەت بوو بە هۆی وەڕێکەوتنی شەپۆلی گاڵتەجاڕی و گاڵتەکردنی خەڵك بە مونازرە تەلەڤیزیۆنییەکانی ڕێژیم لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، ڕێژیم بە پێویستی زانی کە بۆ گەرمکردنی تەنووری هەڵبژاردن، تۆزێك ئاوری مونازرەکان خۆش بکات، هەر بۆیە لە مونازرەی سێهەمدا کە بۆ باسە سیاسییەکان تەرخان کرابوو، دیسان لە نێو بەربژارەکاندا هێندێك کێشە سەریان هەڵدا.

مونازرەی سێهەم دەری خست کە بەربژارەکانی سەرۆك کۆماریی ڕێژیم ئەگەر سووکە هەلێکیان بۆ دەربڕینی هێندێك لە نهێنییە نەدرکاوەکانی ڕێژیم بۆ بڕەخسێت، بۆ ڕاکێشانی دەنگەکانی دەنگدەران، بە بێ هیچ دڕدونگییەك دەکەونە لەقاودانی ڕابردووی ڕێژیم و خەرجکردن لە کیسەی بەڵگەنامە نهێنییەکانی تاوانکارییەکانی ڕێژیم.

هەر لەم مونازرانەدا بوو کە سەعید جەلیلی، سەرۆکی تیمی دانوستانکاری ناوکیی ڕێژیم و یەکێك لە بەربژارە دڵخوازەکانی تاقمە ئەمنیەتی و سەربازییەکان و گرووپە توندڕەوەکانی نێو دەسەڵات، ناچار بوو جاربەجار بۆ پاشەکشەکردن بە کەسانی وەك ڕووحانی، وەلایەتی، ڕەزایی و ...، هێندێك لە نهێنییە ناوکییەکانی ڕێژیم بدرکێنێ، حەسەن ڕووحانی لە وەڵامی کەسانێکدا کە ئەویان بە هۆکاری ڕاگرتنی بەرنامەی ئەتۆمی و خەیانەتکار لەقەڵەم دەدا، ناچار دانی بەوەدا نا کە سەرەڕای ڕێککەوتنی ناوکی، کۆماری ئیسلامی لە سەردەمی ئەو ڕاگرتنە و لە هەنگاوێکی فریودەرانەدا، توانیویەتی پەرە بە بەرنامە ناوکییەکانی بدات و ئەوانی دیکەش بۆ ئەوەی بەجێ نەمێنن، هەر کامەیان بەپێی سەنگ و ڕۆڵی خۆی لە تاوانەکانی ڕابردوودا، بەشێك لە دۆسیەکانی تاوانی ڕێژیمیان لە ئەرشیڤی مێژوو دەرکێشا و وەبیری خەڵکیان هێنایەوە.

ئەم ڕاستییە نەك بە هۆی دڵسۆزیی بەربژارەکان بۆ خەڵك، بەڵکوو بە هۆی پێویستی بە دەرخستنی خۆیان، تەنانەت بە بەهای زەبروەشاندن لە پێکهاتەی لەرزۆکی ڕێژیم بوو.

مونازرەکان دەریان خست کە ڕێژیم چیدی پۆتانسێلی بەڕێوەبردنی تەنانەت ئەم بەناو هەڵبژاردنەشی لە داهاتوودا نەماوە و خەرجکردنی بەربژارەکانی سەرکۆماری لە نهێنییە ئیستراتژیکییەکانی ڕێژیم، بۆ خۆی دەربڕی دۆڕانی کایەکە و سووتانی هەموو کارتەکانی ڕێژیم بۆ وەها کایەیەکە.

ڕێژیم دەیهەوێ بە وەڕێخستنی مونازرەی تەلەڤیزیۆنی، لاسایی سیستمە دێموکراتیکەکان بکاتەوە، بەڵام هەرکات کە سەری گوریسەکە وردەیەك خاو دەکاتەوە، تۆتالیتاریزم، دیکتاتۆری و مرۆڤکوژیی زیاتر وەبەرچاو دەکەوێت و لێرەدایە کە سەری لێ دەشێوێ و دەست دەداتە هێندێك کرداری نالۆژیکی و شێتانە کە دەبنە هۆی خراپتربوونی دۆخی نالەباری خۆی.

ئەم هەڵسوکەوتەی کۆماری ئیسلامی ئەو پەندی پێشینانەمان وەبیر دێنێتەوە کە دەڵێ: «قاڵاو دەیهەویست فێری لار و لەنجەی کەو بێت، شێوازی ڕێگاڕۆیشتنی خۆی لەبیر کرد».

---

# پارلمانی کانادا و بڕیارێکی بەرپرسانە و مێژوویی

■ عارف وەڵزی

ڕێکەوتی ٥ی ژووئەنی ٢٠١٣، بەرانبەر بە ١٥ی جۆزەردان ١٣٩١ی هەتاوی، لە ٢٥ەمین ساڵڤەگەڕی کوشتاری زیندانیانی سیاسی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی لە ئێراندا، پارلمانی وڵاتی کانادا وەك یەکەم وڵات لە سەر ئاستی جیهان، بە پێش قەدەمییەکی مێژوویی و لە بڕیارێکی بوێرانەدا، گەلاڵەی قەڵاچۆکردنی زیندانیانی سیاسی ئەو ساڵەی کە لە لایەن کەمپەینی کوشتاری ٨٨ەوە ئامادە کرابوو، بەپێی یاسا و پێوەرە نێونەتەوەییەکان وەك جینایەت دژی مرۆڤایەتی بە فەرمی ناسی و دواتریش ڕۆژی ١ی دێسامبری، بە مەبەستی هاوخەمی و هاودەردی لەگەڵ بنەماڵەی کوژراوەکانی ئەو جینایەتە، وەك ڕۆژی هاوپێوەندی لەگەڵ زیندانیانی سیاسی لە ئێراندا دیاری کرد. هەر دوابەدوای ئەو بڕیارەش وەزیرانی کاروباری دەرەوە و کاروباری پەنابەری دەوڵەتی کانادا، لە ڕاگەیەندراوێکدا هاودەردیی خۆیان لەگەڵ بنەماڵەی ئەو کەسانە نیشاندا کە لە زیاتر لە سێ دەیە تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بە بێ تاوانی گیانیان لێ ئەستێندراوە و کوژراون.

هەر وەك بۆ هەموو لایەك ڕوونە، لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاویدا، هاوکات لەگەڵ ڕێکەوتننامەی ٥٩٨ی نێوان ئێران و عێراق لەمەڕ کۆتایی هێنانی شەڕی ٨ ساڵەی نێوانیان، خومەینی ڕێبەری ئایینیی کۆماری ئیسلامیی ئێران فتوای دا کە تەواوی ئەو زیندانییە سیاسییانەی کە خاوەنی ڕوانگەی سیاسیی جیاواز لە ڕوانگەی کۆماری ئیسلامین، ئیعدام بکرێن. هەر دوای ئەم فتوایە کوشتار و قەڵاچۆکردنی زیندانیانی سیاسی دەستی پێکرد و تەنیا لە مانگی خەرمانانی ئەو ساڵەدا، بە هەزاران زیندانیی سیاسیی ژن و پیاوی بێتاوان بە بێ دادگایی کردن ئیعدام کران و لە گۆڕستانە جۆراوجۆرەکان و لە گۆڕی بەکۆمەڵدا ژێرگڵ کران و بەم شێوەیە لاپەڕەیەکی دیکەی پڕ لە جینایەتی مێژووی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵ درایەوە.

**دەیەی ٦٠ی هەتاوی و دواتری لە ئێران بوو بە دەیەکانی قەڵاچۆکردن و لەنێوبردنی فیزیکی و پاکتاوی جیابیرانی کۆماری ئیسلامی**

دیارە تەواوی وەرز و ساڵەکانی ٣٤ ساڵەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێران پڕە لە جینایەتی ترسناك و گرتن و ئەشکەنجە و تیرۆر و لەنێوبردنی ئازادیخوازان و جیابیران لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران، بەڵام ئەوەی کە جێگای داخە ئەوەیە کە بە پێچەوانەی ئەم بڕیارەی پارلمانی کانادا، بە هۆی پاراستنی بەرژەوەندی و پێوەندیی ئابووری و سیاسیی خۆیان، زۆربەی کاتەکان وڵاتە پێشکەوتوو و دێموکراتیکەکان و تەنانەت ناوەندە نێونەتەوەییەکانیش، چاوپۆشیان لەو جینایەتانەی کۆماری ئیسلامی کردووە و هەر ئەوەش بۆتە هۆی دەستئاوەڵاتربوونی ئەو ڕێژیمە دڕندەیە لەمەڕ درێژەدان بە خولقاندنی هەرچی زیاتری وەها جینایەتگەلێك.

هەر بۆیە دیتمان کە دەیەی ٦٠ی هەتاوی و دواتری لە ئێران بوو بە دەیەکانی قەڵاچۆکردن و لەنێوبردنی فیزیکی و پاکتاوی جیابیرانی کۆماری ئیسلامی و لە ئەنجامدا، بە هەزاران ئازادیخوازی وەکوو د. عبدالرحمن قاسملوو، دوکتور سادق شەرەفکەندی، شاپووری بەختیار و کازمی ڕەجەوی و ... هتد کە لە بەرەی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی خومەینی و داروودەستەکەیدا بوون لە نێوخۆ و دەرەوە تیرۆر و ئیعدام کران.

ئێستاش و هاوکات لەگەڵ ئەو بڕیارە مێژووییەی دەوڵەتی کانادا، دەبینین کە نزیك بە سێ هەزار چالاکی مەدەنی، مەزهەبی، سەندیکایی، خوێندکاری و چالاکانی سیاسیی گەلانی ئێران، لە گرتووخانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدان و بەشێکیشیان چاوەڕوانی حوکمی ئیعدامن.

بەڵام ئەوەی کە جێگای دڵخۆشکردن و ڕێزلێنانە ئەم بڕیارەی پارلمانی کانادایە، چونکە بێگومان ڕەنگدانەوە و کاریگەریی خۆی دەبێت و زەنگێکی مەترسییە بۆ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە وڵاتانێك هەن کە قەڵاچۆکردنی زیندانیانی سیاسیی دەیەی ٦٠ و بەتایبەت خەرمانانی ٦٧تیان لەبیر نەکردووە و ڕێگا بۆ دووبارەبوونەوەی ئەو ئەزموونە تاڵە نادەن. گرینگتر لەوەش ئەگەر بێتوو درێژە بە ڕەوتی ئەم گەڵاڵەیە بدرێت و ببرێتە پارلمانی ئورووپا و وڵاتانی دیکە و لەلایەن کۆمەڵگای جیهانییەوە بە فەرمی بناسرێ، ئەوە دەبێتە کارتێکی گوشار بۆ ئیزۆلەترکردنی سەرانی کۆماری ئیسلامی و لە کۆتاییدا دادگایی کردنی بەرپرسانی ئەوکاتەی ڕێژیم کە ڕێکخەر و ڕێبەری ڕەوتی کوشتارەکە بوون.

---

## ڕۆژەڤ

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

### بۆچی ئێران ناتوانێ ریفۆرم بکات

ماڵپەڕی «سیاسەتی دەرەکی» چەندین وتاری لێکۆڵینەوەیی تێروتەسەلی بە قەڵەمی چەند نووسەر لەسەر لایەنە جیاوازەکانی دەوری یازدەهەمی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێراندا بڵاو کردووەتەوە. یەکێك لەم وتارانە کە ڕۆژی ٢٩ی جۆزەردان بڵاو بووەتەوە، لە ژێر ناوی «بۆچی ئێران ناتوانێ ریفۆرم بکات» بە قەڵەمی «کریستییەن کاریل» نووسراوە. لە لیدی وتارەکەدا هاتووە: «زۆر لە شرۆڤەکاران ئاکامەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئێران بە سەرکەوتنی هەڵبژاردنی جەماوەری لێك دەدەنەوە، بەڵام ئەم ڕاپۆرتە خۆشبینانانە داستانە سەرەکیترەکەیان لەبەرچاو ون کردووە.» نووسەر لە پاراگرافی سەرەتادا دەنووسێ:

«دواجار میانەڕۆیەك لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئێراندا سەرکەوت. ئەو میانەڕۆیە کە خۆی وەکوو داکۆکیکەری فێڵبازی خولیا ناوکییەکانی تاران ناساندووە. ئەو میانەڕۆیە کە هەڕەشەی لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی کردووە کە کاریان بەسەر شەڕی نێوخۆیی سوورییەوە نەبێ (ئەو شوێنەی کە ئێران پشتیوانی زۆری لە دیکتاتۆری پڕتاوانی بەشار ئەسەد کردووە). ئەو میانەڕۆیە کە تەنیا پاش ئەوە ئیزنی ڕکەبەری پێدرا کە کۆمەڵێك لە کاندیدا پراگماتیکترەکان لە لایەن کۆمیسیۆنی هەنووکەی دیاریکردنی ڕێبەرییەوە لە مەیدانەکە وەلا نران. هەروەها ئەو میانەڕۆیە کە ڕوونی کردووەتەوە کە نایهەوێ ئاڵوگۆڕی قووڵ لە ئۆسوولی حکوومەتی ئاخوندی پێك بێنێ، ئوسوولێك کە کاکڵەی ئەو سیستمەیە کە ئایەتوڵڵا خومەینی لە ساڵی ١٩٧٩ دایمەزراند. کەوابوو ئێمە دەبێ جەژنی بۆ بگرین؟ «

نووسەر لە پاراگرافەکانی دواتری وتارەکەدا، بە وردی چۆنیەتی دامەزرانی کۆماری ئیسلامی و پێکهاتەی سیستمەکە شی دەکاتەوە و دەڵێ لەسەر ئەو بناغەیە کە وەلی فەقیە نوێنەری خوا لەسەر عەرزە و ئەو بەشە لەو ئاخوندانەیش کە دژی ئەو بۆچوونە بوون، بەرە بەرە لە سیستمەکە وەپەراوێز خران. دواتر پاش باسکردنی ئەوەی ئێمرۆکە کەمن ئەو کەسانەی لە نێو سیستمەدا دژایەتی بنەماکانی سیستمەکە بکەن و باسکردن لە پشتیوانی کۆماری ئیسلامی لە سووریە و هاوپەیمانی ئەو ڕێژیمە لەگەڵ کۆرەی باکوور و هتد، دەڵێ: «سی و چوار ساڵ پاش شۆڕش، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ڕوون دەبێتەوە کە ئەو سیستمەی کە لە لایەن خومەینییەوە دامەزرا، گۆڕان هەڵناگرێ«.

نووسەر لە بەشێکدا بارودۆخی ئێستای ئێران لەگەڵ بارودۆخی شۆرەوی پێشوو لە سەردەمی گۆرباچۆڤ بەراورد دەکات و باسی چەند لێکچوونێکیان دەکات لەوانە بوونی کەمایەتی نەتەوەیی کە بە تەواوی لە بارودۆخی هەنووکەیی ناڕازین.

ناوبراو لە کۆتاییدا دەنووسێ: «با ئەو چاوەڕوانییەمان لە ڕۆحانی هەبێ کە هەندێ کاری زۆر بچووك لە پێناو ریفۆرمدا بکات. بەڵام ئەوە سورپرایزێکی گەورە دەبێ ئەگەر لەوە زیاتر بکات و لەوە تێپەڕێ. بۆ خۆی دەزانێ کە ئەگەر زۆر لەوە زیاتر بکات، ئەوا گیانی خۆی دەخاتە مەترسییەوە.»

سەرچاوە:

Foreignpolicy.com

# پێگه‌ی مه‌عریفه‌ناسانه‌ی ڕه‌خنه‌ی ئه‌ده‌بی له‌ ڕووناکبیریدا

ڕه‌هبه‌ر مه‌حموودزاده

**به‌شی دووهه‌م و کۆتایی**

وتارێکی ژوورنالیستی که‌ له‌ گۆشه‌ی ڕۆژنامه‌یه‌کدا بڵاو بووه‌ته‌وه‌، له‌وانه‌یه‌ خۆی له‌خۆیدا به‌شێك له‌ ئه‌ده‌بیات نه‌بێ، به‌ڵام سه‌رنجدان به‌ چۆنیه‌تی نووسین و ستایلی ده‌ربڕینی ده‌یکا به‌ به‌شێك له‌ ئه‌ده‌بیات. هه‌ر به‌م پێیه‌ سه‌یر نییه‌ ئه‌گه‌ر له‌ کتێبێکی ئه‌ده‌بیاتی عموومی که‌ بۆ زانستگاکانی ئێران نووسراوه‌، له‌پاڵ شێعری نیما بۆ نموونه‌ به‌شێك له‌ وتارێکی ته‌حقیقی مێژوویی دکتۆر عه‌بدولحوسێن زه‌ڕین‌کووبیش وه‌ك ده‌قێکی ئه‌ده‌بی بخوێندرێ. کاتێك سه‌رنجی ئێمه‌ ده‌گوازرێته‌وه‌ بۆ شێوازی نووسین و ستایلی ده‌ربڕین، سه‌یر نییه‌ ئه‌گه‌ر بڵێین ده‌قی شێعری نالی و لێکدانه‌وه‌ی مه‌لا عه‌بدولکه‌ریمی موده‌ڕڕیس له‌ په‌راوێزی‌دا، هه‌ردووکیان بۆ خوێندکارێکی ئه‌ده‌بی کوردی، وه‌کوو یه‌ك ده‌قی ئه‌ده‌بین و وه‌کوو یه‌ك ده‌توانن ببن به‌ بابه‌تی لێکۆڵینه‌وه‌ی ئه‌ده‌بی.

ڕه‌خنه‌ی ئه‌ده‌بی له‌ به‌ ئه‌ده‌بیات کردن و شه‌نوکه‌و کردنی که‌له‌پووری به‌سه‌ریه‌کدا داپه‌ستراوی فه‌رهه‌نگی، له‌ دوو مێکانیزمی جوداواز که‌ڵك وه‌رده‌گرێ:

یه‌که‌م. شێوازێکی نووسین که‌ بۆ کاتی خۆی شێوازێکی باو و عاده‌تی بووه‌، له‌چاو نووسینی ئێستا به‌ شێوازێکی به‌ده‌ر له‌ نۆرمی زاڵ و هه‌ر بۆیه‌ش به‌ شێوازێکی ئه‌ده‌بی ده‌ناسرێ و

دووه‌م. بۆچوون و داوه‌ریی فیکری و ئایدۆلۆژیکی خودی ڕه‌خنه‌گر له‌ کاتی خوێندنه‌وه‌ی ده‌ق هه‌ڵده‌په‌سێردرێ و ده‌قه‌که‌ هه‌ڵگری هه‌ر شێوه‌ بۆچوون و ئایدۆلۆژییایه‌کی تایبه‌تیش بێ وه‌ك ده‌قی ئه‌ده‌بی ده‌خوێندرێته‌وه‌. واته‌ ته‌علیقی داوه‌ریی فیکری و ئایدۆلۆژیك، له‌سه‌ر حیسابی زه‌ق کردنه‌وه‌ی لایه‌نی شیوازناسانه‌ و ریتۆریکی ده‌قه‌که‌ جێبه‌جێ ده‌بێ.

هه‌وڵ ده‌ده‌م نموونه‌کانی ئه‌م مێکانیزمانه‌ به‌ شێوه‌یه‌کی به‌رهه‌ست و له‌ نموونه‌یه‌کی دیاریکراودا وه‌ دیار بخه‌م. کتێبی «چوار گوزارش له‌ ته‌زکه‌ره‌تولئه‌ولیای عه‌تتار» ناوی کتێبێکی بابه‌کی ئه‌حمه‌دییه‌ که‌ نووسه‌ره‌که‌ی هه‌وڵی داوه‌ کتێبی عه‌تتار وه‌کوو ده‌قێکی ئه‌ده‌بی بخوێنێته‌وه‌. نووسه‌ر له‌باسی کتێبێکی خواجه‌ عه‌بدوڵڵای ئه‌نساری‌دا که‌ یه‌کێك له‌ سه‌رچاوه‌کانی کتێبی ته‌زکه‌ره‌تولئه‌ولیای عه‌تتاره‌ ده‌ڵێ: «ئه‌مڕۆ تێگه‌یشتنی زمانی (طبقات‌الصوفیة) [...] نه‌ختێك دژواره‌. ئه‌و وشه‌ و چاوگانه‌ی له‌بیر چوونه‌ته‌وه‌ سه‌مه‌ره‌ ده‌نوێنن. ئه‌م وشانه‌ هه‌موویان له‌ هه‌راتی ئه‌و سه‌رده‌مدا باو بوونه‌. جگه‌ له‌مه‌ هێندێك شێوه‌ی ده‌ربڕینی سه‌رفی و نه‌حویی ده‌قیش ئه‌مڕۆ بۆ ئێمه‌ نامۆن. ئه‌م مه‌ودا زمانییه‌ لایه‌نێکی نه‌ناسیاوی داوه‌ به‌ ده‌ق و شاعیرانه‌تری کردووه‌. هیندێك له‌ ده‌سته‌وشه‌کانی ئه‌م کتێبه‌ وه‌بیرهێنه‌ره‌وه‌ی کۆمه‌ڵێك ئه‌زموون و تازه‌گه‌ری له‌ به‌ستێنی شێعری نوێی فارسین. بۆ نموونه‌ ده‌سته‌ وشه‌ی « از من به‌ جستن تو یافتید، من در حسرت تو بگداختید» بیره‌وه‌ری شێعره‌کانی «از دوستت دارم»ی یه‌دوڵڵا روئیایی زیندوو ده‌کاته‌وه‌.»[١٥]

ئه‌وه‌ی بۆ من گرینگه‌ مێکانیزمێکه‌ که‌ شێعری نوێی یه‌دوڵڵا روئیایی و ده‌قێکی زۆر کۆنی خواجه‌ عه‌بدوڵڵای ئه‌نساری وه‌کوو یه‌ك ده‌کا به‌ بابه‌تی خوێندنه‌وه‌ و شه‌نوکه‌و کردن. ئه‌م دێڕانه‌ی سه‌ره‌وه‌ زۆر به‌ ڕوونی چۆنیه‌تی ده‌کار کرانی مێکانیزمی یه‌که‌م له‌لایه‌ن ڕه‌خنه‌گرانمان بۆ دیاری ده‌که‌ن و ده‌کرێ له‌سه‌ر هه‌ر نووسراوه‌یه‌ك چ کۆن و چ نوێ، پراکتیزه‌ بکرێ. بۆ شی کردنه‌وه‌ی مێکانیزمی دووه‌م ده‌بێ ئه‌و خاڵه‌مان له‌به‌رچاو بێ که‌ ته‌زکه‌ره‌تولئه‌ولیای عه‌تتار کۆمه‌ڵێك گێڕانه‌وه‌ له‌ خۆی ده‌گرێ که‌ باسی که‌شف و که‌رامات و کاره‌کانی له‌ عاده‌ت به‌ده‌ری ٧٢ که‌سایه‌تیی عیرفانی ده‌که‌ن. نووسه‌ر به‌ ئاشکرا بڕوای به‌م پارادیمه‌ فیکرییه‌ نییه‌ که‌ له‌ پشت ئه‌و گێڕانه‌وانه‌ دان به‌ڵام بڕوا نه‌بوون به‌و پارادایمه‌ فیکرییه‌ نابێ به‌ به‌ربه‌ستی به‌ڕێوه‌ بردنی پڕۆژه‌یه‌کی تێروته‌سه‌لی خوێندنه‌وه‌ی ڕه‌خنه‌یی له‌سه‌ر ئه‌م ده‌قه‌.

ڕاوه‌ستان له‌سه‌ر چه‌ندڕێیانی پارادایمه‌ هه‌مه‌چه‌شنه‌کانی مه‌عریفی، به‌شێوه‌یه‌کی هێزه‌کی و کرده‌کی ڕوانینێکی پلۆرالیستی ده‌دا به‌ ڕه‌خنه‌ی ئه‌ده‌بی. ئه‌و ڕوانینه‌ پلۆرالستیکه‌ زه‌مینه‌ی گۆڕانی مه‌نتیقێکی تایبه‌تی له‌ پانتای ئه‌ندێشه‌ی مرۆڤ‌دا خـۆش کردووه‌. ئه‌م مه‌نتیقه‌ بریتییه‌ له‌ دیـالـۆژیـسـم[١٦] یا مـه‌نـتـیـقـی گوتوبێژ. ئه‌نجامی به‌کارهێنانی تایبه‌تی دیالۆژیسم له‌ بواری ڕه‌خنه‌ی ئـه‌ده‌بـیـدا تیۆری نێوانده‌قیتی[١٧] یـه‌. ده‌توانین ناوه‌رۆکی دیالۆژیسم له‌م ده‌ربڕینه‌دا کورت که‌ینه‌وه‌ که‌ هیچ ده‌نگ و ئه‌ندیشه‌ و گوتارێکی تاك بوونی نییه‌ و له‌ هه‌ناوی هه‌ر ده‌نگێکدا ده‌نگێکی‌تر ئاماده‌یه‌. کاتێك ئه‌م تیۆرییه‌ بۆ پانتای ده‌ق بگوازینه‌وه‌ به‌ گوێره‌ی تیۆری نێوانده‌قیتی هه‌ر ده‌قێك، چندراوه‌یه‌که‌ که‌ به‌ هۆی چه‌ندین ده‌قی نالێك ده‌ته‌ندرێ و ده‌قی تاك ئینتیزاعێکی فیکرییه‌ و له‌ واقیعدا بوونی نییه‌. که‌واته‌ تیۆری نێوانده‌قیتی له‌ ئاستی تیۆرییه‌کی ساکاری ناو بواری ڕه‌خنه‌ی ئه‌ده‌بی له‌پاڵ تیۆرییه‌کانی تر ده‌ترازێ و له‌ بنه‌ڕه‌تدا ته‌عبیر له‌ مه‌نتیقی ڕه‌خنه‌ی ئه‌ده‌بی ده‌کا.

ئێستا پرسیارێکی گرینگ ئه‌وه‌یه‌ بۆچی له‌ناو هه‌موو لقه‌کانی علوومی ئینسانی‌دا ڕه‌خنه‌ی ئه‌ده‌بی بووه‌ به‌ خاکێکی به‌ پیت بۆ ڕیشه‌داکوتانی داری دیالۆژیسم؟ هۆیه‌که‌ی هه‌ر ئه‌و تایبه‌تمه‌ندییه‌یه‌ که‌ باسمان کرد واته‌ ڕاوه‌ستان له‌سه‌ر چه‌ندڕێیانی جۆراوجۆرێتییه‌کان. به‌ڵام پرسیاری له‌مه‌ش گرینگتر ئه‌وه‌یه‌ ئایا دیالۆژیسم و مه‌نتیقی گوتوبێژ هه‌ر له‌ چوارچێوه‌ی ده‌قی ئه‌ده‌بی و ڕه‌خنه‌ی ئه‌ده‌بیدا قه‌تیس ده‌مێنێته‌وه‌؟ له‌ ئاستێکی سه‌رتردا ده‌توانین گریمانه‌ی ئه‌وه‌ بکه‌ین که‌ ئه‌و مه‌نتیقه‌ هه‌موو علوومی ئینسانی ده‌گرێته‌وه‌. به‌ڵام ئه‌وه‌ی ڕاستی بێ علوومی ته‌بیعی له‌م باره‌یه‌دا هیچ جوداوزییه‌کی له‌گه‌ڵ علوومی ئینسانی نییه‌ و دیالۆژیسم مه‌نتیقی مه‌عریفه‌ی به‌شه‌ری به‌ گشتییه‌ و مه‌نتیقی گوتوبێژ تیۆرییه‌که‌ له‌باره‌ی ناسین به‌ گشتی. له‌م تیۆرییه‌دا سروشتی چه‌ندلایه‌ن، تێکته‌ندراو، ڕه‌نگاوڕه‌نگ و ده‌نگاوده‌نگی مه‌عریفه‌ی مرۆڤ ئاشکرا ده‌بێ. به‌ گوێره‌ی ئه‌م ڕوانگه‌یه‌ مه‌عریفه‌ی تازه‌ کاتێك له‌ دایك ده‌بێ که‌ به‌ر له‌م مه‌عریفه‌ تازه‌یه‌ جیهانێکی فیکری بوونی هه‌بێ. هه‌رچی ئه‌م جیهانه‌ فیکرییه‌ ئاوه‌دانتر و ده‌وڵه‌مه‌ندتر و چڕتر بێ، ئه‌ندێشه‌ی تازه‌تر و جۆراوجۆرتر چه‌که‌ره‌ ده‌که‌ن و فراژوو ده‌بن. «چون جمع شد معانی، گوی بیان توان زد» ئه‌م پێودانه‌ علوومی ته‌بیعیش ده‌گرێته‌وه‌. ئه‌گه‌ر جوداوازییه‌ك له‌م باره‌یه‌دا له‌ نێوان علوومی ئینسانی و علوومی ته‌بیعی له‌ گۆڕێدا هه‌بێ، له‌مه‌دایه‌ که‌ ئه‌م مه‌نتیقه‌ - که‌ له‌ هه‌موو مه‌عریفه‌ی به‌شه‌ری‌دا حوکمی ڕه‌وایه‌ - مێکانیزمه‌که‌ی له‌ علوومی ئینسانی‌دا دۆزراوه‌ته‌وه‌.

ئه‌م جوداوازییه‌ ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ سه‌ر سروشتی خودئاگای علوومی ئینسانی له‌چاو علوومی ته‌بیعی. به‌ ده‌ربڕینێکی تر له‌ناو زۆریه‌ك له‌ لقه‌کانی علوومی ئینسانی‌دا بابه‌تی زانسته‌که‌، به‌شێك له‌ خودی زانسته‌که‌یه‌. ئه‌م تایبه‌تمه‌ندییه‌ علوومی ته‌بیعی ناگرێته‌وه‌. به‌ گوته‌یه‌کی تر جوداوازییه‌که‌ لێره‌ دایه‌ که‌ علوومی ته‌بیعی به‌ مه‌نتیقی دیالۆژیکاڵ کاری کردووه‌ به‌ڵام پێی نه‌زانیوه‌، که‌چی علوومی ئینسانی به‌و مه‌نتیقه‌ هه‌ڵسووڕاوه‌ و زووتریش به‌و هه‌ڵسووڕانه‌ی زانیوه‌.

دیالۆژیسم، تێکشکاندنی ئوستووره‌ی چوارچێوه‌[١٨]یه‌. ئوستووره‌ی چوارچێوه‌ تیۆرییه‌که‌ ده‌ڵێ پارادایمه‌کان زۆروزه‌وه‌نـد و هه‌مه‌ڕه‌نگ و هه‌مه‌چه‌شنن به‌ڵام ئه‌و پارادایمه‌ هه‌مه‌جۆرانه‌ وه‌کوو چوارچێوه‌گه‌لێکن که‌ ده‌رك و ده‌روازه‌یان به‌سه‌ر یه‌کدا داخراوه‌. به‌ گوێره‌ی ئه‌م بۆچوونه‌ فه‌رهه‌نگ و پارادایمه‌ جۆراوجۆره‌کانی به‌شه‌ری وه‌کوو جه‌ماعه‌تێکی زۆرن که‌ له‌پاڵ یه‌کدا ڕاوه‌ستاون به‌ڵام وه‌کوو که‌ڕ و لاڵ ناتوانن یه‌کتر تێ بگه‌یێنن.

مه‌نتیقی گوتوبێژ له‌سه‌ر دوو بنه‌ما ساغ بووه‌ته‌وه‌:

یه‌که‌م. جۆراوجۆری ده‌نگه‌کان

دووه‌م. ده‌ره‌تـانـی ساز بـوونـی پێوه‌ندی لـه‌ نـێوان ئـه‌و ده‌نگه‌ جۆراوجۆرانه‌دا

بنه‌مای دووه‌م به‌ ئاشکرا له‌گه‌ڵ ئوستووره‌ی چوارچێوه‌ و تیۆری داخرانی پاڕادایمه‌کان ناکۆکه‌. دیاره‌ ساز بوونی پیوه‌ندی له‌ نێوان پارادایمه‌کان، ناچاره‌کی به‌مانای به‌ ته‌بایی گه‌یشتنی ئه‌و پارادایمانه‌ نییه‌. ڕه‌خنه‌کاریی یا ته‌نانه‌ت ڕه‌ت کردنه‌وه‌ی پارادایمێکیش له‌لایه‌ن پارادایمێکی تره‌وه‌ پێویستیی به‌ ساز بوونی پێوه‌ندی له‌ نێوان ئه‌و پارادایمانه‌دا هه‌یه‌. ئه‌گه‌ر ئوستووره‌ی چوارچێوه‌ ڕاست بێ، پارادایمه‌کان ته‌نانه‌ت ناتوانن یه‌کتر ڕه‌تیش بکه‌نه‌وه‌. ناوی ئه‌م پێودانه‌ به‌راورد هه‌ڵگر نه‌بوونه‌[١٩]. دیاره‌ بانگه‌شه‌ کردن بۆ زۆر بوونی پارادایمه‌کان و هه‌ر له‌و کاته‌دا بڵاو کردنه‌وه‌ی بۆچوونی داخرانی پاڕادایمه‌کان به‌سه‌ر یه‌کتردا له‌ هه‌ناوی خۆیدا زه‌مینه‌خۆشکه‌ری دۆخی به‌سه‌ر یه‌کدا ته‌قینه‌وه‌ی توندوتیژی پارادایمه‌کانه‌.

ئێستا باشتر ده‌توانین هاوبه‌ستێنیی ڕه‌خنه‌ی ئه‌ده‌بی و ڕووناکبیری شرۆڤه‌ بـکـه‌یـن. بۆ پێناسه‌ کـردنـی چه‌مکی ڕووناکبیری ڕه‌نگه‌ کۆده‌نگییه‌کی ئه‌وتۆ له‌گۆڕێدا نه‌بێ. به‌ڵام سه‌ره‌ڕای هه‌موو ئه‌و ناکۆکییانه‌، به‌رگری کردن له‌و دوو بنه‌مایه‌ی خواره‌وه‌ وه‌کوو دوو سازده‌ر [٢٠]ی پێویستی چه‌مکی ڕووناکبیری، دژوار نایێته‌ به‌رچاو:

ئه‌لف. گوتارێکی به‌رهه‌مهاتوو له‌ تێك به‌زێنی چه‌ندین گوتاری فیکری جوداواز

ب. تێفکرین له‌مه‌ڕ پێوه‌ندیی مۆدیرنیته‌ له‌گه‌ڵ ئه‌و سوننه‌ته‌ی ڕووناکبیرییه‌که‌ سه‌ری لێ هه‌ڵداوه‌.

له‌باره‌ی بنه‌مای یه‌که‌مدا ده‌توانین بڵێین هه‌ر له‌ بنه‌ڕه‌تدا تێك به‌زینی گوتاره‌کان و ئیمکانی ساز بوونی ئه‌و تێك به‌زینه‌، به‌ هۆی دیالۆژیسمه‌وه‌ ته‌ته‌ڵه‌ ده‌کرێ که‌ هه‌ر وه‌ك باسمان کرد مه‌نتیقی ڕه‌خنه‌ی ئه‌ده‌بییه‌. هه‌روه‌ها ڕاوه‌ستانی ڕه‌خنه‌گر له‌و دۆخه‌ی جۆراوجۆرێتی ئاسۆیی پارادیمه‌کان پێکه‌وه‌ کۆ ده‌کاته‌وه‌ ته‌عبیرێکی تر له‌و بنه‌مایه‌یه‌. بنه‌مای دووه‌میش واته‌ بیر کردنه‌وه‌ له‌ پێوه‌ندی سوننه‌ت و مۆدێرنیته‌ ته‌عبیرێکی تر له‌ ڕاوه‌ستان له‌ دۆخی جۆراوجۆرێتی ئه‌ستوونی پارادایمه‌کان و ئیمکانی خوێندنه‌وه‌ی مۆدێرنی سوننه‌ت به‌ ده‌سته‌وه‌ ده‌دا.

ئه‌نجام

له‌م وتاره‌دا هه‌وڵ درا به‌ شێوه‌یه‌کی تیۆریك تیشك بخرێته‌ سه‌ر پێوه‌ندی نێوان دوو چه‌مکی ڕه‌خنه‌ی ئه‌ده‌بی و ڕووناکبیری و به‌ڵگه‌ تیۆریکه‌کانی پێوه‌ندی پته‌وی نێوان ئه‌و دوو هه‌رێمه‌ و هاوبه‌ستێنییان لێك بدرێته‌وه‌. ده‌کرێ بۆ نیشان‌دانی ڕاستی ئه‌و تیۆرییانه‌، له‌ دووتوێی لێکۆڵینه‌وه‌یه‌کی سه‌ربه‌خۆدا ئاوڕێکیش له‌ مێژووی فه‌رهه‌نگی گه‌لان بدرێته‌وه‌. شیکاریی به‌رهه‌می ئه‌و که‌سانه‌ی که‌ هاوکات ڕه‌خنه‌گری ئه‌ده‌بین و به‌ داهێنانی ڕووناکبیرانه‌ش به‌ناوبانگن، ده‌توانێ بۆچوونی ئه‌م وتاره‌ پشتڕاست بکاته‌وه‌. که‌سانێکی وه‌ك مه‌سعوود محه‌ممه‌د له‌ که‌لتووری کوردی‌دا و محه‌ممه‌د عه‌لی هومایوونی کاتووزیان له‌ که‌لتووری فارسی‌دا.

[١] Metacriticism
[٢] Co-extent
[٣] Vertical
[٤] Horizontal
[٥] Situation
[٦] Necessary condition
[٧] Sufficient condition
[٨] Potential
[٩] Discourse
[١٠] - ویلم برتنز، یوهانس، نظریه‌ی ادبی، برگردان فرزان سجودی، تهران، مؤسسه‌ی انتشاراتی آهنگ دیگر، ١٣٨٢، ص ١٣
[١١] Truth
[١٢] Leviathan
[١٣] History of Rebellion
[١٤] ـ ایگلتون، تری، پیش‌درآمدی بر نظریه‌ی ادبی، ترجمه‌ی عباس مخبر، تهران، نشر مرکز، ١٣٦٨، ص ٣
[١٥] احمدی، بابک، چهار گزارش از تذکره‌الاولیای عطار، تهران، نشر مرکز، ، ص
[١٦] Dialogism
[١٧] Intertextuality
[١٨] Myth of framework
[١٩] Incommensurability
[٢٠] Factor
[١٧] Intertextuality
[١٨] Myth of framework
[١٩] Incommensurability
[٢٠] Factor

سه‌رچاوه‌:
http://www.xewat.blogfa.aspx.٧١-com/post



# نۆزدەهەمین خولی فستیڤاڵی فیلمی لۆس ئانجلێس دەستی پێکرد

نۆزدەهەمین خولی فستیڤاڵی فیلمی لۆس ئانجلێس رۆژی پێنجشەممە ١٣ی ژووەن بە نوێترین فیلمی پێدرۆ ئالمادۆار دەستی بە کارەکانی کرد. ئەمساڵیش لەم فستیڤاڵە بەشێکی زۆر لە ژانرە جۆراوجۆرەکانی سینمایی نمایش دەکرێ. لەم ساڵدا زیاتر لە ٢٠٠ فیلمی داستانیی درێژ، کورتە فیلم، دێکۆمنتاری و موزیك ویدیو لە شوێنی فستیڤاڵ لە «داون تاون»ی لۆس ئانجلێس نمایش دەکرێن.

ئێستفانی ئالێن، بەڕێوەبەری فستیڤاڵ دەڵێت: «لە فستیڤاڵی ئەمساڵ هەر شەو فیلمێکی نوێ کە پێشتر ئێکران نەکراوە، نمایش دەکەین. ئەمە تەنیا ڕێگەیە کە ئێمە دەتوانین لە شاری سینمایی لۆس ئانجلێس کە هەر رۆژ فیلمسازێك لە سەربانەکان ڕێکلام بۆ فیلمە نوێیەکەی دەکا، کێبەرکێ بکەین. فیلمەکان دەبێ بۆ بینەرە لۆس ئانجلێسیەکان ئەزموونێکی دەگمەن بێ تا بتوانین ئەوان بێنین بۆ شوێنی فستیڤاڵەکە.

**بابەتی فستیڤاڵ**

ئێستفانی ئالێن دەڵێت: «ئێمە هیچ کۆنترۆڵێکمان لە سەر هەڵبژاردنی بابەتی فیلمەکان نیە. بۆم زۆر سەرەنجڕاکێشە کە دەبینم ئەمە رێڕەوی هزری و رۆحی زەمانەی ئێمەیە کە لە رێگەی سینەماکارانەوە نمایش دەکرێ».

پەنێلەکانی وتووێژ

لە ئەمساڵدا، جەخت لە سەر کۆبوونەوەکانی وتووێژ و ئەو کۆبوونەوانەی کە سەرەنجی بینەر بۆ بابەتە لاوەکییەکانی فیلمسازی رادەکێشێ، چڕ کردوولاتەوە. «دیوید ئەنسێن، بەڕێوەبەری هونەری فستیڤاڵ دەڵێت: «ئەم پانێلانە ئەزموونی بەشداریی لە فستیڤاڵ هەم بۆ سینەماکار و هەمیش بۆ بینەری فیلمەکان دەوڵەمەندتر دەکا، ئێمە دەتوانین لەم رێگایەوە لەگەڵ قۆناخەکانی فیلمسازی تا رادەیەك ئاشنا بین».

«ناهید پرشون سروستانی»

فیلمسازی ئێرانی دانیشتووی سوید لە بەشی کێبەرکێدا بەشداریی لەم فستیڤاڵە کردووە بە فیلمی «شۆڕشی دزراوی من» ئەم فیلمە چیرۆکی لە سێدارەدانی براکەی و ژیانی چەند ژنی زیندانی سیاسی لە سەرەتاکانی شۆڕشی گەلانی ئێران نمایش دەکا.




# پێناسەی شێواز

گشتیترین پێناسە کە دەکرێ بۆ شێوازی بکەین بریتیە لە: کەسایەتی بەخشینی تایبەت و پێوەندیدار بە گرووپێك لە هونەرمەندەکان لە بەرنامەداڕێژی، رێکخستن و شێوەی بەڕێوەبەری ئەوان، کاتێك شێوازێك فۆڕم دەگرێ کە توخم و هۆکارەکانی جوانیناسیی بینین لە کات و شوێنی تایبەت بە شێوەی چوارچێوەیەك کەڵکی لێوەربگیردرێ.

سەبارەت بە گرافیك، وشەی شێواز هێمایە بۆ بە ئولگوو زانینی هونەرمەند لە کەڵکوەرگرتن لە وێنەیەکی تایبەت یان بنەماڵەیەك لە هەمان وێنە یان هاوشێوەی ئەو وێنە بە رەنگی نزیك لەیەك لە وێنەکەدا. بۆ ئەوەی جۆری بەرەوڕووبوونی کردەیی یان رازانەوەیی ئەو بۆ بابەتە دیارەکان روون بکاتەوە. گرافیستەکان زۆرجار هەوڵ دەدەن تاکوو پەیامی خۆیان فۆڕم بدەن و لەگەڵ بینەر پێوەندی بگرن تاکوو ئەوەی بیانهەوێ بیرۆکەیەك یان بەرهەمێکی تایبەت بە بناسێنن.

ئەوان هەوڵ دەدەن پەیامی خۆیان لە هەلومەرجێکی تایبەت و بینەرگەلێکی تایبەت و بە کاریگەرترین و باشترین شێوە بگوازنەوە بۆ ئەوان.

لەم رەوتەدا شێواز دەبێتە کۆدێکی گواستنەوەیی کە وەك هێمایەك بۆ پەیامێکی تایبەت و بینەرگەلێك لە پێشدا دیاریکراو کێشراوەتەوە.

ئەگەر لەم هێمایانە بە شێوەی درووست کەڵك وەربگیردرێ، گرافیست دەتوانێ بینەرە راستەقینەکانی خۆی بۆ لای بەرهەمێك یان بیرۆکەیەك رابکێشێ. بۆ ناسینی شێوازە جۆراوجۆرەکان دەبێ سەرەنجی ئەوە بدەین کە هونەرمەندەکانی هەر سەردەمێك دەقاودەق پەیڕەویان لە شێوازە باوەکانی ئەو سەردەمە نەکردووە بۆ وێنە شێوازی «ڤیکتۆرین» لەگەڵ ڤیکتۆریایی قۆناخێکی حەفتاو وپێنج ساڵەیە کە زۆر جۆر و جۆراوجۆریی وێنە دەگرێتەوە و یان شێوازی «ئارت دکو» کە جوڵەیەکی رازانەوەییە و لە نێوان دوو شەڕی جیهانیدا رووی دا و شێوەکانی بەڕێوەبردنی بە تەواوەتی جیاوازە.

ئەوەی کە بە شێوەی یەکسان لە بەرهەمە هونەرییەکانی ئەم سەردەمەدا دەبینرێ و وەك شێوازێکی تایبەت دەناسرێت، تۆخمە بینینەکانی هاوبەشە. لە شرۆڤەی گرافیکدا دەبێ تەبلیغە دیوارییەکان، پۆستێر، جۆرەکانی کادربەندی و کارەکانی دیکەی گرافیکی هەر سەردەمیك و هەروەها وێنەسازی و کاریکاتۆرەکانی ئەو سەردەمە لە بەرچاو بگرین کە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، سیاسی لەو شکڵەدا دەبینرێ. هونەرمەندەکان هەمیشە ئەو ئەرکەی کە لە سەر شانیانە بەڕێوە نابن و وڵامی هەڵسەنگاندنە گونجاوەکانی سەردەمی خۆیان نادەنەوە.

لە خوێندنەوە و شرۆڤەی شێواز بە درێژایی مێژوو، مێژوونووسان، سیستمێکی پولێنبەندی کراو بە روانین و سەرەنج بە نیگارکێشی، پەیکەرتاشی، مێعماری، دیزاینی موبل و جل وبەرگ رێکدەخەن و لەم کارەدا کەمتر سەرنج دەدرێتە دارشتنی گرافیك.

پرسیارێك کە ئەمرۆ سەبارەت بە هەر شێوازێکی گرافیکی دێتە گۆڕێ ئەمەیە کە گەلۆ تێکنۆلۆژیی ئەمرۆ وەك ئەوەی کە شۆڕشی پیشەیی بەرهمهێناوە، ئەسڵ و ئەساسی هەموو تۆخمەکان دەگۆڕێت و سەرەڕای ئەوە پێوەندییە گرافیکیەکان لە پێوەندیە لۆژیکیەکان لە داهاتوودا گۆڕانی بە سەردا دێنێ.

لە سەردەمی ڤیکتۆریا تاکوو چەرخی تەراحی، کاریگەریەکی لە سەر گەڵاڵەڕێژی گرافیك داناوە، جووڵە و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگییەکان،... هەموو هونەرەکان، هەر کات کە باسیان لێوە دەکرێ، دەرخەری شارستانیەتێکن. بە شێوەی گشتی مێژوونووسان دەتوانن مێژووی هەر شتێکی کەونار لە رووی شێوازی ئەوەوە دیاری بکەن. لە ساڵی ١٩٦٩ی زایینی لە رەوتی کێبەرکێیەکی پڕوپاگەندەی سیاسەتوانان بە ئاشکرا کاریگەری پڕوپاگەندە و راکێشانی بینەر بە هۆی تەراحی بەرچاو کەوت.




چوونکە هەر کام لە پالێوراوان پۆستێریکیان بوو و سەرەڕای جیاوازیی زۆر و ژمارەی زۆری دروشمەکان دیسان شێواز و چوارچێوەی گشتی یەکێك بوو. ئەمرۆ لە سەردەمی پێوەندییەکاندا بوونی زۆری رێکلامە بازرگانییەکان زۆرجار تێکەڵاوێك لە هونەر و تێکنۆلۆژی تێدایە تاکوو بتوانن لەگەڵ بینەریەکی زۆرتر پیوەندی بگرن و خاڵی گرینگ ئەوەیە کە شێوازیەکی گرافیکی خۆجێی، لە فەلسەفەی بینینی جێی ئۆگری ئەو وڵاتەی کە ئەو بەرهەمە هونەریە تێدا خولقاوە کاریگەری وەردەگرێ.

# ناتۆریسم (naturisme)

لە گەوەرەکانی ئەم قوتابخانەیە دەکرێ هێما بۆ ژرژ بویلیە و ئۆژن مونفور بکەین.

هۆزانوانە ناتۆریستەکان هەم ساردی و توندوتیژی شێوازی پارناس و هەمیش وردەکارییەکان و وردبینییە بێ بنەماکانی سمبۆلیسمیان رەت دەکردەوە و لە بەرهەمەکانی خۆیاندا، ژیان، سروشت، خۆشەویستی، کار و ئازایەتیان بەرز دەنرخاند، هەرچەند ئەوان نەیانتوانی ئەم قوتابخانەیە جەماوەری بکەن، بەڵام لە دەرەوەی ئەم قوتابخانەیە لە سەر شێعر و نووسراوەکانی کەسانی دیکە کاریگەریەکەی بە جوانی دیارە.

شێعرەکانی (ئانا دونوای) و (فرانسیس ژامز) دەرخەری ئەم راستییەن.

# مامۆستا جەلیل شاناز کۆچی دوایی کرد

مامۆستا جەلیل شاناز لە ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی لە شاری ئیسفەهان لە دایك بووە. ناوبراو یەکێك لە بەناوبانگترین ژەنیارانی تار و سێتار لە سەدەی هاوچەرخی ئێراندا بووە. زۆربەی بنەماڵەی ناوبراو لەگەڵ مووسیقادا ناسیاویان هەبووە و دەتوانین بڵێین ناوبراو لە بنەماڵەیەکی هونەردۆست و هەڵکەوتوودا لە دایك بووە. مامۆستا شاناز دوایی چەندین دەیە خزمەت بە بواری فەرهەنگ و هونەر، لە تەمەنی ٩٢ ساڵاندا لە رێکەوتی ٢٧ی جۆزەردانی ١٣٩٢ی هەتاوی کۆچی دوایی کرد.

ئەم ژەنیارە پایەبەرزە لە درێژەی تەمەنی هونەریی خۆیدا لەگەڵ هونەرمەندانێکی گەورە وەك: فەرامەرز پایوەر، حەبیب الله بەدێعی، هۆمایوون خورڕەم، و هەروەها حوسێن خواجەمیری و مامۆستا رەزا شەجەریان هاوکاری کردووە.

ناوبراو لە ساڵی ١٣٨٣دا وەك سیمای هەرمان «چهرە ماندگار»ی هونەر مووسیقا هەڵبژێردرا.





بێ دوان...

# تراویلکەی هەڵبژاردن و نێچیرە ساواکان



■ کەیهان یووسفی

ئامانجی سەرەکی، هاتنی خەڵك بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدانە. ئەم رستەیەمان زۆرجار گوێ لێ بووە. لە زاری بەرپرسانی باڵای ڕێژیم و بەتایبەت عەلی خامنەییەوە. لەم خولەدا خامنەیی تەنانەت داوای لەوانەش کرد کە باوەڕیان بە ڕێژیم نییە، بێنە سەر سندووقەکانی دەنگدان.

ئەزموونی هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردنیش لە چوارچێوەی سیستمی کۆماری ئیسلامیدا، رەنگدانەوە، ئاسەوار و دەسکەوتەکانی لانیکەم بۆ ئێمەی کورد، دابینبوونی مافەکانمان زۆر روونە. «وانەوەرنەگرتن لە مێژوو مەحکوومەمان دەکات بە دووپاتکردنەوەی هەڵەکان». بەڵام هێندێك کەس و لایەن لە بیاڤی سیاسیی کۆمەڵگای کوردستاندا حزووریان هەیە کە بە بەرزکردنەوەی درووشمی داکۆکی لە مافی خەڵکی کوردستان، بەردەوام لە حاڵی دووپاتکردنەوەی هەڵەکانیانن و ئەوەی لەگەڵی نامۆن، وانە وەرگرتنەوەیە و حەزیان لەوەیە هەرچەند ماوە جارێك خۆیان فریو بدەن هیچ، ببنە ئامرازی پڕوپاگەندەی سیاسەتەکان و ئامانجەکانی ڕێژیمیش.

بەناو داکۆکیکردن لە مافی گەلی کورد، ٣٤ ساڵە لە نێو کۆماری ئیسلامیدا خەریکی تاقیکردنەوەی وانەکانیانن و توورەکەی سواڵی مافەکانیان خستووەتە مل و دەستی رەزیلی بۆ لای کەسانێك رادەکێشن کە پێشێلکەر و زەوتکەری سەرەکیی مافەکانیانن، هەر بۆیەش بینیمان لەم خولەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریدا، کۆمەڵێك لایەن و کەس بوون بە داردەستی کەسێك وەکوو «رووحانی» و دیسانەوە لە بۆسەیەك کە ڕێژیم هەموو جارێك بۆیان دەنێتەوە، ئەسیر بوون و فریوی ئەو بەڵێنانەیان خوارد کە ٣٤ ساڵە ڕێژیم هەر جارێك و بە شێوەیەك دەیڵێتەوە، بەڵام تەنیا بۆ جارێکیش هەنگاوی بۆ هەڵنەگرتووە.

پرسیار ئەوەیە کە ئایا مرۆڤ دەبێ چەند جار تاقیکاری لەسەر شتێك بکات تا راستی و درووستیی ئەو شتەی بۆ دەرکەوێت؟ ئایا ١٠ خولی پێشووی سەرکۆماری و ئەو هەموو بەڵێنە درۆیینە، بەتایبەت بەڵێنی درۆ بۆ کوردان بەس نەبوو تاکوو مرۆڤی کورد و بەتایبەت سیاسییەکانی کوردستان بەو قەناعەتە بگەیەنێت کە سەرۆك کۆمار، هەر کەسێك بێت، دەسەڵاتی جێبەجێکردنی ئەو هەموو بەڵێنەی نیە و بەتایبەت بۆ ئێمەی کورد ئەوە پێکهاتە و یاسای بنەڕەتیی ڕێژیمە کە بەربەست و لەمپەڕن لە بەردەم بەدیهاتنی مافەکانمان. ئایا بۆ جارێکیش ئەو کەسانەی کە دڵیان بە تراویلکەی هەڵبژاردن و کۆی بەڵێنە پووچەڵەکانی بەربژێرەکان خۆش کردبوو، ئەو پرسیارەیان لەخۆیان کردبوو کە ئەگەر ئەم بەربژێرانە راستبێژن لە قسەکانیاندا، بۆچی تا ئێستا و لە رابردوودا هیچ هەنگاوێکیان لەم بارەوە هەڵنەگرتووە؟ رەنگە زۆرجار ئیستدلالی وەها بێننەوە کە نابێ لە سیاسەتدا چەقبەستوو، رەها و تاك لایەنانە بیر بکرێتەوە. بەڵام ئایا ئەوە کۆماری ئیسلامی نیە کە ٣٤ ساڵە وەها بیر دەکاتەوە لەمەڕ مەسەلەی نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێرانی و بەتایبەت خەڵکی کوردستان، یەك هەڵوێست بووە؟

ئایا ئاوڕێکیان لە مێژووی کوردستان و بەتایبەت مێژووی حیزبی دێموکرات لەم ساڵانەی دەسەڵاتدارییەتی کۆماری ئیسلامیدا داوەتەوە تاکوو تێبگەن کە زۆر مێتۆد و شێواز لەگەڵ کۆماری ئیسلامی تاقی کراوەتەوە؟ دیپلۆماسیی کوردی ئاڵوگۆڕی بە سەر خۆیدا هێناوە بەڵام ڕێژیم تەنیا بە یەك چەك هاتووەتە پێش و ئەویش چەکی سەرکوت و مافنەدان بووە.

دەی مرۆڤی زانا؟ ئەگەر تۆزێك تێ بفکرێت، نابێ گشت ئەمانە لەبەر چاو بگرێت و وانەی لێ وەربگرێت؟ ئایا دەبێ بەردەوام لە حاڵی دووپاتکردنەوەی هەڵەکانمان لە پێناو پتەوترکردنی کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی ڕێژیم و درێژترکردنەوەی تەمەنیدا بین؟

بێگومان ئەوانەی لەم هەڵبژاردنەدا بوون بە ئامرازی پڕوپاگەندە بۆ ئەوەی خەڵك راکێشی سەر سندووقەکانی دەنگدان بکەن، تەنیا بە یەك ئامانج گەیشتن، ئەویش نەك ئامانج و خواستی خەڵکی کوردستان، بەڵکوو ئەو ئامانجەی ڕێژیم واتە حزوور و ئامادەبوون لەسەر سندووقەکانی دەنگدان. ئەگەرچی لە کوردستان خەڵك بەگشتی وەڵامی ئەوانی نەدایەوە، بەڵام ئەوان دیسان وەکوو نێچیرێکی ساوا کەوتە بۆسەی پیلانێك لە ژێرناوی تراویلکەی هەڵبژاردن.

---

# حەوتەمین سەرکۆماری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران

■ ناسر ساڵحی ئەسڵ

ڕۆژی ٢٤ی جۆزەردانی ١٣٩٢ی هەتاوی هەڵبژاردنی خولی یازدەهەمی سەرکۆماری لە ژێر دەسەڵات و چاودێری وەلی فەقیهدا بەڕێوەچوو. لە ئاکامدا ڕۆژی ٢٥ی جۆزەردان وەزیری نێوخۆی ڕێژیم رایگەیاند، ئاغای حەسەن رووحانی وەك سەرکۆماری حەوتەمی ڕێژیم توانی زۆرینەی دەنگەکان بۆ خۆی مسۆگەر بکات. حەسەن فەرەیدون رووحانی ٦٥ساڵان، کە بە پیاوی پشت پەردەکان و یاری غاری رەفسەنجانی ناسراوە، خەڵکی سورخەی پارێزگای سیمنان و لە لایەنگرە نزیکەکانی خومەینی بووە. کە لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران، یەکێك لە بەرپرسانی پاکسازیی ئەرتەش لە ئەفسەرانی ڕێژیمی شای ئێران بوو. دوو دەورە نوێنەری مەجلیسی شوورای ئیسلامی و خوبرەگانی رێبەری بووە و ١٦ ساڵ بەرپرسی شوورای بەرزی ئەمنیەتی نەتەوەیی وڵات بووە. ٢ ساڵیش بەرپرسی وتوێژەکانی دۆسییەی ناوکی لەگەڵ وڵاتانی «بریتانیا، فەڕانسە و ئاڵمان» و ئەندامی کۆڕی گشتیی بەرژەوەندییەکانی نیزام بووە. ناوبرا یەکێك لە مۆرەکانی سەرکوتی گەلانی ئێران بووە و یەکەم کەس بوو کە نازناوی «ئیمام»ی دا بە خومەینی و لە ئاست کوشتار و زیندانی کردنی خەڵك لە ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ١٣٨٨ تا ئێستاش بێدەنگ بووە و تا پێش لەوەیکە ببێتە کاندیدای سەرکۆماری قەت لە سیاسەتە چەوتەکانی ئەحمەدی نژاد رەخنەی نەگرتووە.

لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کاربەدەستانی ڕێژیم لە سەر ئەو بڕوایە بوون کە بە بەڕێوەبردنی ڕێکوپێکی هەڵبژاردنەکان وەك یەکێك لە مەرجەکانی دێموکراسی دەتوانێ سیمایەکی رەوا لە دەسەڵاتەکەی خۆیان لە ئاستی نێونەتەوەیی و نێوخۆیی نیشانی بیروڕای گشتیی بدەن و سەرنجی بیروڕای گشتیی خەڵکی جیهان بۆ لای خۆیان راکێشن. لە حاڵێکدا دێموکراسی پابەندبوون بە بنەماکانی دێموکراسییە و تەنیا بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن نییە. هەربۆیە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەڵبژاردن و دەنگی خەڵك تەنیا وەك ئامرازێك بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کەڵك وەردەگرێت وهیچ بایەخێك بۆ دەنگی خەڵك دانانێت. بەڵام دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێت کە سەرکەوتن و شکست لە هەڵبژاردندا، بنەمای سیستمە دێموکراتیکەکان پێك دێنی. بەڵام چونکە لە چوارچێوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا هیچ کێبەرکێیەکی سیاسی لە نیوان رەوتە سیاسییەکاندا بوونی نییە، لە وەها بارودۆخێکدا، سەرکەوتن و شکستی پاڵێوەران مانا و مەفهومی نییە. هەربۆیە رێبەری ڕێژیم دەڵێ: «دەنگدان بە هەرکام لە پاڵێوەران بە مانای دەنگدان بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە.» ئاغای حەسەن رووحانی لەکاتیکدا خۆی بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی سەرکۆماری ئامادە دەکا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پتر لەگەڵ دوو ئاستەنگی قەیرانە دەرەکییەکان و قەیرانە نێوخۆییەکان بەرەوڕوو دەبێتەوە:

**قەیرانە دەرەکییەکان:**

ئەوەی لێرەدا جێگای تێڕامان و وردبوونەوەیە، سەرکۆماری تازەی ڕێژیمە، لەگەڵ کردنەوەی گرێ کوێرەکانی قەیرانە نێونەتەوەییەکانی وەك کێشەی دۆسییەی ناوکی ڕێژیم لە شوورای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و وتووێژەکانی لەگەڵ وڵاتانی ٥+١، تەحریمەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا، دۆسیەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، بەرەوڕوو دەبێتەوە. چارەسەرکردنی ئەو کێشانە هەموو لە دەسەڵاتی سەرکۆماردا نییە. هەربۆیە ئاغای حەسەن رووحانی لەمەڕ کێشەکانی دەرەوە و سیاسەتی دەرەوە تووشی کێشە دەبێت.

**قەیرانە نێوخۆییەکان:**

هەڵبژاردنی ئەمجارە لە هەلومەرجێکدا بەڕێوەچوو کە ڕێژیم لە باری ئابوورییەوە وەزعی شپرزەیە. گەمارۆ ئابوورییەکانی شوورای ئەمنییەت و وڵاتانی ڕۆژئاوایی بۆ سەر ئێران لە دوو ساڵی رابردوودا، بەتایبەت لەو کاتەوە کە خامنەیی رێبەری ڕێژیم، فەرمانی پیتاندنی هەرچی خێراتری ئۆرانیۆمی داوە، ئابووری ئێرانی تووشی دارمان و خەساری گەورە کردووە. بە چەشنێك کە رۆژ نەبووە هەواڵی داخرانی چەند کارگا و کارخانە یان دەرکردن و بێکاربوونی هەزاران کرێکار گوێبیست نەبین. ئەوە لەکاتێکدایە کە ئاسەوارە زیانبارەکانی قەیرانی ئابووریی ئێران قورسایی خستووەتە سەر ژیانی تاقەتپڕووکێنی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئێران.

خامەنەیی ساڵی ١٣٩٢ی بە ساڵی «حەماسەی ئابووری و حەماسەی سیاسیی» ناودێر کردووە. بە پێچەوانەی دروشمی رێبەری ڕێژیم، بە هۆی دارمانی بەرهەمهێنانی نیشتمانی، چوونەسەری نرخەکان، دابەزینی نرخی دراوی ئێران، بەڕێوەبردنی سەقەتی سیاسەتی ئامانجدارکردنی یارانەکان و زۆر دیاردەی دیکەی ئابووری ئێران تووشی دارمان بووە. هەروەها دروشمی «حەماسەی سیاسی»ی رێبەری ڕێژیم کە ئامانجی لەم دروشمە زیاتر بەشدارکردنی خەڵك لەم شانۆسازییەدا بووە، بەڵام خەڵکی ئێران لەم هەڵبژاردنەدا بە کردەوە نیشانیان دا کە دژی سیاستەکانی رێبەری ڕێژیمن و ئەگەر هەر کەسێکی دیکەش لە جێگای رووحانی بایە و رەخنەی لە سیاسەتەکانی دەوڵەت گرتبایە بە دڵنیاییەوە هەر ئەو دەنگەی دەهێنایەوە. بۆیە هەر لە ئێستاوە نیشانەکانی شکستی دروشمی حەماسەی سیاسیی خامەنەیی دیارە و بە دڵنیایەوە ئەم دروشمە بە مەردوویی لە دایك بووە.

هەڵسەنگاندنی هەموو خولەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بەم ئاکامەمان دەگەیەنێ کە ئەوەی بە ناوی هەڵبژاردن لە لایەن ڕێژیمەوە بەڕێوە دەچێ بە هۆی نادێموکراتیکبوونی ڕێژیم و بێ باوەڕی بە دەنگ و داخوازیی خەڵك، لە نێوەڕۆکی هەڵبژاردن بە مانای واقیعی خۆی بەتاڵە، یانی خەڵك ناتوانن دەنگ بە کاندیدای دڵخوازی خۆیان بدەن.

هەروەها ئەگەر ئاغای حەسەن رووحانی بیهەوێت ئاڵوگۆڕ و ڕیفۆرم و بەڵێنییەکانی لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا جێبەجێ بکا، کە بەڵێنی بە لایەنگرانی خۆی داوە لە «دولت تدبیر و امید» هەروەها ئەو بەڵێنیانەی کە بە نەتەوەکانی ئێرانی داوە و ئیجراکردنی بەندەکانی ١٥ و ١٩ی یاسای بنەڕەتی، بە هوی بوونی کەسێك وەك وەلی فەقیە و یاسایەکی بنەڕەتیی نادێموکراتیك توانای جێبەجێکردنی گۆڕان و ڕیفۆرم و جێبەجێکردنی بەڵێنییەکانی نییە. مەحمەد خاتمی ٨ ساڵ بەڵێنی گۆڕانکاری و ڕیفۆرمی بە خەڵکی ئێران دا. بەڵام لە کوتایی سەرکۆماریدا وتی «سەرکۆمار تەداروکاتچییەك زیاتر نییە». کەوایە دوای نزیك بە ٣٤ ساڵ ئەزموونکردنی هەڵبژاردن لە چوارچێوەی ئەو سیستمەدا، خەڵکی ئێران دەبێ بەو قەناعەتە بگەن کە چەمکەکانی کۆمەڵگای مەدنی، دەسەڵاتی یاسا، ئازادیی رادەربڕین، ئازادییە چاپەمەنی و کۆمەڵایەتییەکان و زۆر چەمکی دیکە لە چوارچێوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا مانا و مەفهوومی نییە. هەر بۆیە هەڵبژاردنی مۆرەکانی ڕێژیم چ ڕیفۆرمخواز بێ یان ئوسوولگەرا هیچ قازانجێکی بۆ گەلانی ئێرانی تێدا نییە.



# ڕۆژی جیهانیی پەنابەران

■ چەکۆ ئەحمەدی

ڕۆژی ٣٠ی جۆزەردان (٢٠ی ژووئەن) لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەك ڕۆژی جیهانیی پەنابەران دیاریکراوە. پێناسەی باوی پەنابەر دەڵێ: «پەنابەر بە کەسێك دەگوترێ کە لە وڵات یان زێدی خۆی، بە هۆی کێشەی سیاسی، ئایینی، کۆمەڵایەتی، ڕەگەز و زمان و پرسی نەتەوەیی و هتد، لەلایەن دەسەڵات یان گرووپێك دەکەوێتە بەر هەڕەشە و بە ناچار یان بە خواستی خۆی ڕوو لە وڵاتیکی دیکە دەکات». جێی باسە کە زۆرجار چەمکی پەنابەر و کۆچبەر کە جیاوازییان هەیە، بۆ یەك مەبەست بەکار دەهێنرێت کە ئەمە هەڵەیە.

لە وڵاتانی دواکەوتوو و دیکتاتۆردا دیاردەی پەنابەری بە ئاسایی دێتە ئەژمار و تەنانەت زۆرجار ئەم ڕەوتە لە نێوان ئەمجۆرە وڵاتانەدا ڕوو دەدات. لە نێو ئەم وڵات و نەتەوانەدا، نەتەوەی کورد بە هۆی سوور بوونی بۆ گەیشتن بە ڕزگاری و مافە ڕەواکانی و بەردەوامیی خەبات، زۆرتر لە نەتەوەکانی دیکە تووشی ماڵوێرانی بۆتەوە و بەناچار ڕێگای پەنابەریی گرتووەتە پێش و ئەم دوورکەتنەوە ناچارییەش تا ڕادەیەك توانیویە یارمەتیدەری زیندوو مانەوەی نەتەوەیەکی بندەست و چەوساوە بێت.

پێویستە زۆر بە کورتی هێما بدەین بە چۆنییەتیی هەڵسوکەوتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ پەنابەران (بەتایبەت ئەفغانی و عێراقی). دۆخی ژیانی پەنابەران لە ئێراندا بەتایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا وەك قەیرانێکی مرۆیی دێتە ئەژمار و پرنسیپە نێونەتەوەییەکانی پێوەندیدار بەمافی پەنابەری لەبەرچاو ناگیردرێت. لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بەربەستیان لەپێش دادەنرێت. مافی خوێندنیان نیە و هاتووچۆیان بۆ هیندێ شوێن یاساغ کراوە. بە بێ پارێزەر بەناو دادگایی دەکرێن و بەرەوڕووی لە سێدارەدان دەبنەوە و کۆمەڵێکی دیکەش بە زۆرەملێ ڕەوانەی وڵاتی خۆیان دەکرێنەوە.

هەروەك بەشی هەرەزۆری خوێنەران ئاگادارن، پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧، دەسەڵات کەوتە دەستی تاقمێکی پاوانخواز و دیکتاتۆر و هەر لە سەرەتای دەسەڵاتدارییەوە سەلماندیان کە بڕوایان بە ئازادیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تاکەکەسی و حیزبی نییە و بە کوشتوبڕ دەسەڵاتی خۆیان بە سەر خەڵکدا سەپاند. ئەم کردەوە دڕندانەیەی ڕێژیمی نوێ بووە هۆی نارەزایەتیی ئازادیخوازان و جیابیران و سوورتر لە هەموو بەشەکانی ئێران، کوردستان بوو کە بوو بە مەکۆی ئازادیخوازی و بەشیکی زۆر لە جیابیران ڕوویان کردە کوردستان و لە ئاکامی کۆڵنەدانی نەتەووەی کورد لە داخوازەکانیان، ڕێژیم بە هەموو توانایەوە هێرشی کردە سەر خاکی کورستان و بە کوشتوبڕ وڵاتەکامانی داگیر کرد.

کۆمەڵێکی زۆر لە تاکەکانی کورد بۆ بەربەرەکانێی سیاسی، بە ناچار وەك پەنابەری سیاسی ڕوویان لە عێراق و کوردستانی باشوور کرد. ئەگەر بمانەوێ کاریگەرییەکانی ئەم پەنابەرییە لەبەرچاو بگرین، سەرەڕای بەردەوامبوونی خەبات دژی داگیرکەرێکی دڕندە، کۆمەڵێك گرفت و کێشەیشی بۆ ئەم تاکانە بەدواوە بووە کە بە کورتی ئاماژە بە چەندخاڵیان دەکەین.

**ـ باری دەروونی:** هەموو مرۆڤێك دەزانێت کە زێد و کولتوری شوێنی لەدایکبوون ڕۆڵێکی زۆر گرینگ لە بیچم گرتنی کەسایەتیی مرۆڤدا دەگێڕێ، بەڵام ئەوانەی پەڕیوەی دەرەوەی سنوورەکان دەبن، بەتایبەت ئەوانەی لە ڕووی ناچارییەوە زێدی خۆیان بەجێ دێڵن، تووشی سەرلێشێوایی شووناس دەبن و ناتوانن کولتوور و شوناسی شوێنی گیرسانەوە وەربگرن و کولتورەکەی خۆیشیان تووشی ئاڵوزی و سەرلێشێواویی دەبێت. ئەمەش دەبێتە هۆی ئاڵوزیی دەروونی و لە ئاکامدا تووشی شێوازێك لە خەمۆکی دەبن.

**ـ بێ ناسنامەیی و پێ نەدانی ڕەگەزنامە:** کۆمەڵێك لەو کەسانەی بە هۆکاری سیاسییەوە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە ڕوویان لە عێراق کرد و ئێستا نیشتەجێی کوردستانی باشوورن، پاش زیاتر لە سی ساڵ ڕەگەزنامەی ئەم وڵاتەیان پێ نەدراوە و بۆ ڕاپەڕاندنی ژیانی ئاساییان تووشی کێشەی بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکان بوون. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ماوەیەکی کاتی بۆ پێدانی ڕەگەزنامە(سیتیزن) بە پەنابەران دیاری کراوە. هەموو ئەو وڵاتانەی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانن، وەك ئەرك لە سەرشانیانە جاڕنامەی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەبەرچاو بگرن کە لەم پێوەندییەشەدا چەند هێمایەکی تێدایە. بەڵام بەداخەوە لێرە، لە بەشێکی دیکەی خاکی کوردستان هەنگاوێکی ئەوتۆ بۆ چارەسەری ئەم کێشەیەی پەنابەرانی سیاسی کوردستانی ڕۆژهەڵات هەڵنەهێندراوەتەوە.

**ـ دۆخی ژیانی نالەبار و قەیرانی بێ پیشەیی:** بەشێکی دیکە لەوانەی ساڵانێکە تا ڕادەیەکی زۆر لە کاری سیاسی دوور کەوتوونەتەوە، لە چەند کەمپی ئاوارەکاندا نیشتەجێ بوون کە ئاستی خزمەتگوزاری زۆر لە خوارەوەیە و زۆربەیان پیشەی لاوەکییان هەیە. وەچەی دووهەمی ئەو بنەماڵانەش بە هۆی نەبوونی ڕەگەزنامەی هاووڵاتی بوون نەیانتوانیوە وەك کەسانی ئاسایی درێژە بە خوێندن بدەن و ببنە خاون پیشەی فەرمی. کەواتە ئەوانیش داهاتوویەکی وەك وەچەی یەکەم چاوەڕێیان دەکات. داهاتوویەکی نارِوون.

لە کۆتاییدا، پێویستە هێما بەو ڕاستییە بدەین کە تاکەکانی کوردی پەنابەر، سەرەڕای هەموو بەربەستەکان و گرفتەکانی ژیانی پەنابەری، لە هەموو ئامرازە ڕەواکانی بەردەست کەڵك وەردەگرن بۆ ئەوەی زیندویەتیی نەتەوەکەیان بپارێزن و تا سەرکەوتن هەدا نادەن.

# بەهاری تورکی لە ڕێگادا نیە

■ شەهاب خالیدی

سەرۆك وەزیری تورکیەش بە ڕیزی ڕێبەرانی ئەو وڵاتانەی جیهانی سێهەمەوە زیاد بوو کە خۆپیشاندەران وەك چەند کەسێکی تێکدەر و ئاژاوەگێڕ و سیخوڕی وڵاتانی دیکە ناو دەبەن، بەڵام بەو جیاوازییەی کە لە تورکیە هەڵبژاردنی ئازاد و دێموکراتیك بەڕێوە دەچێ و هەر بۆیەش ئەردۆغان وتی کە لە ڕێگای سندووقەکانی دەنگدانەوە وەڵامی خۆپیشاندەران دەدات و بۆیان دەسەلمێنێ کە زۆربەی خەڵك لە سیاسەتەکانی ڕازین و پشتیوانیی لێ دەکەن.

هەرچەند کە ناڕەزایەتییەکان لە سەرەتادا پێوەندیی بە پاراستنی ژینگەوە هەبوو، بەڵام دواتر خۆپیشاندەران «مەیدانی تەقسیم»یان بۆ ماوەی چەند ڕۆژی بەردەوام کردە شوێنی ناڕەزایەتی دەربڕینی خۆیان، نەتەنیا بەرامبەر بە بڕینی دارەکانی ئەو پارکە، بەڵکوو کردیانە ناوەندی ڕەخنەگرتنی توند لە سیاسەتە نێوخۆییەکانی حیزبی داد و گەشەپێدان، بەتایبەتی لەمەڕ بەرتەسککردنی ئازادییە تاکەکەسییەکان و دەستێوەردان لە نێو ژیانی شەخسیی خەڵکی ئەو وڵاتە و خەسار گەیاندن بە کۆمەڵگای لائیکی تورکیە. ئەو ناڕەزایەتی دەربڕینە لە خراپترین حاڵەتدا، دەتوانێ لانیکەم ڕواڵەتی ئاشتیخوازی و دێموکراتیبوونی AKP لە بەرچاوی بیروڕای گشتیی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات خەوشەدار بکات و بەشێك لە دەنگدەرانی AKP بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. ئەمە بۆ حیزبێك کە دەیهەوێ ببێتە مۆدێلێکی دەسەڵاتداری بۆ وڵاتانی ناوچەکە و دەیەوێ ببێتە ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا، وەك شۆکێکە کە حیزبی داد و گەشەپێدان چاوەڕێی نەدەکرد.

لە لایەکی دیکەوە هەم ئەو ڕەوتە ئاشتیەی کە ماوەیەکە AKP دەستی پێکردووە و هەمیش ئەو پشتیوانیە ماددی و مەعنەوییەی کە تورکیە لە ئۆپۆزیسیۆنی سووریەی دەکات، ئەمانە لە قازانجی ڕێژیمی ئێراندا نین، هەر بۆیە وێدەچێ کە دەستی دەرەکی و بەتایبەتی دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هاندانی خۆپیشاندەراندا هەبێ. ئەو ڕێژیمە لە ڕابردووەوە تا ئێستا سەلماندوویەتی کە ئەوان بۆ قازانج و بەرژەوەندیی ڕێژیمەکەیان هەموو ڕێگایەك بە ڕەوا دەزانن و هەموو ئوسوول و پرەنسیپێك بە ئاسانی پێشێل دەکەن. هەر ئەو ڕێژیمەی کە لەکاتی بە دەستەوەگرتنی دەسەڵات لە لایەن AKP ەوە پشتیوانی خۆی لەو حیزبە ئیسلامیە دەربڕی و بە سەرکەوتنی ئەو حیزبە ئیسلامیە لە خۆشیان هەڵدەپەڕین، کەچی ئێستا هەر ئەو حیزبە ئیسلامیە بووە بە ڕکابەرێکی سەرسەختی ئەوان لە ناوچەکەدا، بە شێوەیەك کە ئەو ڕێژیمە دۆستایەتی سکۆلارەکانی تورکیەی پێ باشترە لە دۆستایەتیکردنی حیزبێکی ئیسلامیی وەك AKP، چونکە سکۆلارەکانی وەك CHP و MHP دژی پشتیوانیکردنی ئەردۆغان لە ئۆپۆزیسیۆنی سووریەن.

هەرچەند هێندێك لە شرۆڤەکارانی سیاسی و شارەزای کاروباری تورکیە ئەو ناڕەزایەتییانەی مەیدانی تەقسیم وەك سەرەتای بەهاری تورکی ناو دەبەن و پێیان وایە کە بەهاری تورکی بە پێچەوانەی بەهاری عەرەبی کە بوو بە هۆی هاتنەسەرکاری ئەحزابی ئیسلامی، ئەمە دەبێتە هۆی لەسەرکار لاچوونی حیزبێکی ئیسلامی و هاتنە سەرکاری سکۆلارەکان، بەڵام ئەردۆغان پێی وایە کە بەهاری تورکی ئەوکاتە بوو کە ئەوان دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت. بەڵام ئەو بەهارەی تورکیە چ ئەوکات دەستی پێکردبێ و چ ئێستا، گرینگ ئەوەیە کە ئەو ناڕەزایەتییانە دەتوانن سەرەتای شکاندنی ترسی سکۆلارەکان بۆ هێنانەوەی لایەنگرانی خۆیان بۆ سەر شەقامەکان و درێژەپێدانی خۆپیشاندانی بەم شێوەیە لە دەرفەتەکانی دیکەدا بن، کە ئەمە دەتوانێ ئەو بەهارەی ئەردۆغان بکاتە زستانێکی سارد و سڕ.

> **ئەو ناڕەزایەتی دەربڕینە لە خراپترین حاڵەتدا، دەتوانێ لانیکەم ڕواڵەتی ئاشتیخوازی و دێموکراتیبوونی AKP لە بەرچاوی بیروڕای گشتیی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات خەوشەدار بکات**

لە لایەکی دیکەوە بێگومان بەردەوامیی ئەو ناڕەزایەتییانە دەتوانێ کۆسپ بخاتە سەر ڕێگای ڕەوتی ئاشتی لە تورکیە و دواتریش هەردوو لایەن واتە هەم دەوڵەت و هەمیش کوردەکان بگەڕێننەوە دۆخی پێش دەستپێکردنی ڕەوتی ئاشتی، بۆیە کوردەکانی کوردستانی باکوور پێویستیان بە ڕەوشێکی ئارام هەیە کە تێیدا بتوانن لەسەر پرۆسەی ئاشتی کار بکەن، هەر بۆیە ئەو پرۆسەیە ناڕوونی و تێبینی زۆری لەسەرە و زۆر بە ئارامی دەچێتە پێش. یەکدەنگی و یەکڕیزیی نەتەوەی کورد و گرتنەپێشی سیاسەتی دیالۆگ لە کەش و هەوایەکی ئارام، دەتوانێ لە سەرکەوتنی قۆناغەکانی «ڕەوتی ئاشتی»دا کاریگەر بێ و ڕێگا بۆ گەیشتنی نەتەوەکەمان لەو بەشەی کوردستان بە لانیکەمی مافە سیاسی و مرۆییەکانی خۆی خۆش بکات.

## جووت حەوت

هەوراز

ـ هەواڵی ناخۆشی ئەم جارە ئەوەیە کە دەسەڵاتی مەحموود ڕوو لە کۆتاییە و جووت حەوت یەکێك لە گرینگترین کارگەکانی بەرهەمهێنانی قسەی نەستەق لە دەست دەدات و خاڵۆ فەرەج گوتەنی، بازاڕی «فشەمەنی» ڕوو لە کزییە و ئێستا سەردەمی «ڕووحانیگەری» یان ڕووحانچیەتیی ئەو کەسانەیە کە عەمامەی سپی بە سەوز دەبینن و بە تاریکەشەوی مێشکی ئاخوندێکەوە، خەونی وەنەوشەیی دەبینن. مەلا حەسەنی ڕووحانی بە خەونیش نەیدەبینی ڕۆژێك خەڵك هێندە دەبەنگ بن کە قامچییەکەی دەستی ئەو بە چۆپی بزانن و دەست لەملانبوونی لەگەڵ خامنەیی، بە گەڕی ڕەشبەڵەکی کوردی ببینن. کلیلەکەی مەلا حەسەن بۆ ئێمەی کورد ئاشنایە، سەردەمانێك بەو کلیلەوە دەهاتن بۆ کردنەوەی دەروازەکانی بەهەشت و ڕاخستنی فەرشی سوور بۆ خۆیان لە خوێنی خەڵکی کوردستان. بەڵام ئێستا خەڵك پێیان وایە کلیلەکەی ملی ڕووحانی دەروازەکانی بەهەشتی ئەم دنیایە بە سەر جەهەننەم نشینەکان واتە خەڵکی ئێراندا دەکاتەوە. ڕووحانی دەڵێ کلیلەکەی من داس نیە. ئەگەر داسیش بێت، جێگای باس نیە. شتی دیکەیە، ڕەنگە دوای ٨ ساڵی دیکە بیڵێت. ڕووحانی دەڵێ «من سەرهەنگ نیم، یاساناسم»، خۆشحاڵم بە ناسینت دوکتۆر مەلا! منیش خۆم نیم، «مارلۆن براندۆ»م. دەزانم تۆیش مەلا حەسەن نیت، عیسای مەسیحی، ماندێللای، دایە ترێزای،ئیسپارتاکووسی. بەڵام من باوەڕت پێ ناکەم، چوونکە نە لەوانەم کە دەنگم پێ داوی و نە لەوانەشم کە تەحریمیان کردی بەڵام ئێستا ئازاری ویژدان بەرۆکی پێ گرتوون و تۆبەنامەت لە ژێر ناوی «پیرۆزبایی» بۆ دەنێرن.

ئاغای ڕووحانی! من پیرۆزباییت لێ ناکەم، چونکە لە عەمامەکەی تەوقی سەرتەوە تا کلیلەکەی ملت، لە زمانی لووستەوە تا عابای شۆکۆلاتیی حوشترنیشانت، هەموویان بۆ من وەبیر هێنەری زوخاوی ڕووتن، پیرۆزباییت لێ ناکەم، چوونکە هەناسەت بۆنی «جیهاد» و «فتوا» و «جەماران»ی لێوە دێت، بۆنی قیزەونترین دیکتاتۆری لێ دێت کە نازناوی «ئیمام»ت پێ بەخشی و ڕێگەت خۆش کرد کە بۆ ڕشتنی خوێنی من فتوا بدات. ئەوانەش کە شایی و چەپڵەڕێزانت بۆ دەگێڕن، چ کەوا و پانتۆڵیان لە بەر بێت و چ جلی مارینز، هەموویان بۆنی شکستیان لێ دێت، بۆیە خەونی وەنەوشەییت پێوە دەبینن، بەڵام من لە ئێستاوە باوەڕ بە بۆنی وەنەوشەش ناکەم، چ بگات بە تۆ.

■ موعتەسەم نوورانی




# دوایین گۆڕانکارییەکانی سووریە

شەڕی نێوخۆی سووریە پێی ناوەتە قۆناغێکی مەترسیدار و مەرگهێنەر، بەشێوەیەك کە ڕۆژانە زیاتر لە ١٠٠کەس خەڵکی سڤیل واتە ژن و منداڵ و پیر و جوان گیانیان لەدەست دەدەن. شەڕێکی ماڵوێرانکەر کە تەواوی شارو شارۆچەکە و گوندەکانی سووریەی گرتۆتەوە. ژێرخانی ئابووریی وڵات وێران بووە. بەگوێرەی دوایین ڕاپۆرتی کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕادەی کوژراوەکانی شەڕی نێوخۆیی سووریە لە دووساڵی ڕابردوودا، لانیکەم ٩٣ هەزار کەس بەراورد کراوە. ڕاپۆرتەکە نیشان دەدا کە هەتا ساڵێك لەوە پێش ٣٠هەزار کەس کوژراوە، بەڵام لە ساڵی ڕابردووەوە تا ئێستا بە گوێرەی ئامارەکان لە هەر مانگێکدا زیاتر لە ٥هەزار کەس بوونە قوربانیی ئەو شەڕە کە ئەو ئامارانە لە ڕادەی واقعی خۆی کەمترە، چونکە ناوی زۆربەی کوژراوەکان نەخراوەتە نێو ڕاپۆرتەکە. ئەو ڕاپۆرتە دەڵێ٨٠٪ی کوژراوەکان پیاو بوون.

ناوی پێلای بەرپرسی کومیسیۆنی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێ: «لەنێو کوژراوەکاندا لانیکەم ١٧٠٠منداڵی ژێر دە ساڵ وەبەرچاو دەکەوێ.» ڕاپۆرتەکە باسی ئەشکەنجە و ئیعدامی منداڵان دەکا و زۆر نموونە دەخاتە ڕوو کە باسی نەسڵ کوژی دەکا و دەڵێ بە دەیان بنەماڵەی وا هەبوون کە هەموویان کوژراون، تەنانەت منالی سەر بێشکەشیان ئیعدام کردون.» خانمی پێلای دەڵێ: «هێزەکانی حکومەت هەموو ڕۆژێ شار و گوندەکان توپ باران دەکەن و هێرشی ئاسمانی دەکەن، بە مووشەك و چەکە ئیستراتیژییەکانی بومبای هێشوویی ڕووبەڕووی خەڵك ڕاوەستاون».

شەڕی نێوخۆیی سووریە زۆر مەترسیدارە، جیا لەوەی کە ئەو وڵاتە لە باری فیزیکی زەبری گورچکبڕی وێکەوتووە.

لەباری سایکولۆجیشەوە دەروونیاتی خەڵکی ئەو وڵاتەی مراندووە. مەترسیدارتر لەوانە ئەمەیە کە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی شار و گوندەکانی سووریە داڕماوە. چونکە سووریە وڵاتێکی فرە نەتەوە، فرەئایین، فرەمەزهەب، فرە کولتور و فرە جوگرافیایە و دوای نەمانی بەشارئەسەدیش شەڕی تایفەیی و عەشیرەتی و مەزهەبی بەردەوام دەبێ.

بۆ نموونە، دوای گیرانەوەی شاری قەسیر لە لایەن هێزەکانی ڕێژیم بە هاوکاری حیزبووڵڵای لوبنان و پشتیوانی ئێران، لە یەکێك لە شەقامەکانی ئەو شارە، کە لاوەکانی کلیسای پیرۆزی ئەلیاسی و بەرچاو دەکەوێ کە نیشاندەری ئەویە کە چۆن ڕۆژگارێك دانیشتوانی سووریە بە مەزهەب و ئایین و نەتەوەی جۆراوجۆرەوە لەگەڵ یەك ژیاون. بەڵام ئێستا بە نیگەرانییەوە دەڕواننە داهاتووی ئەو وڵاتە. کوردەکان تا ئێستا خۆیان لە شەڕی نێوخۆیی سووریە پاراستوە. چونکە ڕێژیم بە ناچاری ناوچە کوردنیشینەکانی سووریەی چۆڵ کردووە. کاروباری ئەو ناوچانە کەوتووەتە دەستی کوردەکان، کوردەکانیش لەگەڵ ئەوەی پێشتر لە لایەن ڕێژیمی بەشار ئەسەدەوە زۆر بێڕێزیان پێکراوبوو ڕۆژگارێکی تاڵ و پڕچەرمەسەرییان دیبوو، لەلایەن ئۆپوزیسیونیش ئاوڕییان لێ نەدرایەوە. ناسیۆنالیزمی عەربی سوننەش دانی بە ڕەوایی ماف و ئازادیی کورددا نەهێناوە. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ ئەرێ وەزعی کورد لە سووریە بەرەوکوێ دەڕوا؟ لە ڕاستیدا کوردەکان هەلێکی باشی مێژوویيان بۆ ڕەخساوە دەبێ بە یەك گوتار و لە یەك بەرەدا بێنە مەیدان و لە مافی خۆیان بەرگریی بکەن. ڕۆژنامەی واڵ ئیستریت جورناڵ لە ڕاپۆرتی ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی ٢٤ی جۆزەردانـدا دەنووسێ کە: «بەدوای ڕاگەیەندراوی دەفتەری سەرۆك کۆماری ئەمریکا لە پیشتیوانی کردنی ئەو ڕاستیە کە هێزەکانی دەوڵەتی سووریە لە دژی نەیارانی بەشار ئەسەد کەڵکیان لە چەکی شیمیایی، بەتایبەت گازی سارین وەرگرتووە. دەوڵەتی ئەمریکا ڕاستەوخۆ، چەك و کەرسەی سەربازی دەدا بە هێزەکانی بەرهەڵستکاری بەشار ئەسەد. چونکە پێشتر بارك ئوباما سەرۆك کۆماری ئەمریکا دەوڵەتی سوورییەی ئاگادار کردبووەوە کە بەکارهێنانی چەکی شیمیایی لە شەڕی نێوخۆی سووریەدا هێڵی سوورە و لەگەڵ کاردانەوەی توندی نێودەولەتی ڕووبەڕوو دەبێتەوە.»

جان مەکین سێناتۆری کوماریخواز لەو بوارەوە دەڵێ: سەرۆك کۆماری ئەمریکا دەبێ لەو ڕاستیە تێ بگا کە ناردنی چەك بۆ ئۆپوزیسیونی سووریە باڵانسی دەسەڵات ناگۆڕێ. سوپای ئازادی سووریە پێویستی بە چەکی قورس هەیە تا بتوانێ لەگەڵ تانك و فڕۆکەکانی ڕێژیم بەربەرەکانێ بکا. هەروەها پێویستی بە ناوچەی دژە فڕین هەیە. دەبێ سیستمی هێزی ئاسمانی سووریە تێدابچێ. بەگوێرەی ڕاپۆرتی واڵ ئیستریت جورناڵ قەرارە لە سنووری ئۆردن لە خاکی سووریەدا ناوچەی دژەفڕین پێك بێ و ئەمریکا لەو ماوەدا هێزێکی زۆری هێناوەتە ئۆردن، لە کاتێکدا پێشتر مووشەکی پاتریۆت لە خاکی تورکیەدا لەلایەن ئالمان و هولەند دامەزراوە.

سەر چاوە:

www.wsj.com

# ستەمی سیستماتیک دژ بە خەڵکی یارسان

■ عادڵ مورادی

یارسان بە بەشێك لە خەڵکی کورد دەوترێ کە پەیڕەوی ئایینێکی بە تەواوی خۆجێیی و کوردی بە ناوی «ئایینی یاری»ن کە لە ئێراندا بە «ئەهلی حەق» و لە عێراقدا بە «کاکەیی» بەناوبانگن. ئەڵبەت هێندێك لە نەتەوەکان و ئیتنیکەکانی دیکە وەکوو «تورکە ئازەرییەکان» و بەشێك لە فارس زمانەکان لە ئێران و وڵاتە دراوسێکانی ئێران، پێڕەوی ئەم ئایینەن.

ئایینی یاری بە یەکێك لە ئایینە ڕیشەدار و ڕەسەنەکان دێتە ئەژمار. بنەماکانی ئایینی یاری بەو شێوە کە لە کتێبی ڕاستییەکان (دەفتەری هەقیقەت) هاتووە، بریتییە لە چوار خاڵی «پاکی»، «ڕاستی»، «نەمان» و «باڵاپۆش». بەو مانایە کە تاکی یارسان، هەم لە ڕوو و هەم لە ناخەوە و لە هەموو بوارێکدا پاك بێت و لە ڕێگای چاکی و ڕاستی هەنگاو هەڵدەگرێ، کرداری نابەجێ و خۆبەزل زانین لە خۆی دوور بکاتەوە و دان بە خۆداگرتن و خۆبەختکردن بکاتە پیشەی خۆی.

خەڵکی یارسان هەم بە هۆی شوناسی نەتەوەیی واتە کوردبوون و هەم بە هۆی جیهانبینی ئایینی یارسان، لە سەرەتای دەرکەوتنییەوە تا بە ئەمڕۆ، کەوتوونەتە بەر شاڵاوی بێ بەزەیی و زوڵم و دەستدرێژیی دەسەڵاتدارانی ناوەندیی ئێران و ئەم حاکمانە بەردەوام هەوڵیان داوە کە ئایینی یارسان بێ بەها و ئەو بە بەشێکی عیرفانی لە ئیسلام و شیعە پیشان بدەن.

بە چاوخشاندن بە یاسای دوازدە و سێزدەی یاسای وڵاتی ئێران دەبینین کە هیچ ناوێك لە ئایینی یاری نەبراوە و کەمینە ئاینییە ناسراوەکان لە کۆماری ئیسلامیدا، زەرتەشتی، کەلیمی و مەسیحین. ئەمە ئەوە دەردەخات کە ڕێڕەوانی ئایینی یاری کە گەورەترین کەمینەی ئایینی لە بواری ڕێژەی دانیشتوانەوە لە ئێراندان، «شەیتان پەرەست»، «علی الهی» یا «غلات شیعە» دەناسرێن.

ئەم بێ حورمەتییەی یاسادانان بە ئایینی یاری، دەستی توندئاژۆ و ڕادیکاڵەکانی بۆ هێرش کردن بۆ سەریان ئاوەڵا کردووە و کێشەیەکی زۆری بۆ کۆمەڵگای یارسان درووست کردووە، بە جۆرێك کە خەڵکی یارسان لە پێکهێنانی سەربەستانەی ڕێورەسمە ئایینییەکانی خۆیان بێبەش بوون و لاوانی یارسانی ناتوانن لە ناوەندە حوکمی و دەوڵەتییەکاندا دابمەزرێن و بەداخەوە هەنگاوی زۆر لەوە زیاتر هەڵگیراوە و بە سزا و ئەشکەنجە و ئێعدام هێندێك لە یارسانەکانی (اوچ تپە میاندواب) و پێشگرتن لە گرتنی ڕێورەسمی یادکردن لە (سەیدخەلیل عالی نژاد) و پێشگرتن لە لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی کوشتنی ناوبراو تەنیا هێندێك لەو زوڵم و زۆرەیە کە لە یارسانەکان دەکرێت. ئیزن نەدان بە چاپی کتێبی پیرۆزی یارسانەکان و لە جیاتی ئەوە بڵاوکردنەوەی کتێبی بە هەڵە لە لایەن نووسەرەکانییەوە کە یارسان نین و لەو بوارەدا شارەزا نین و هێرشی ڕۆژنامەکانی حکوومەتی بۆ سەر ئایینی یاری کە یەکێك لەو ڕۆژنامانە، ڕۆژنامەی کەیهانە، کۆماری ئیسلامی و کەسانی شارەزا و ئەو ماڵپەڕانە کە پێوەندیان بە حکوومەت و ناوەندە ئایینییەکانەوە هەیە دەبیندرێ کە بە



دەرکردنی فتوای ئەوەی کە دەڵێ یارسانەکان گلاون و کافر، بازنەی فشار بۆ خەڵکی یارسان تەسکتر دەکەنەوە. بەڵام وادیارە ئەمجار کۆماری ئیسلامی تەواوی هەوڵی خۆی بە دژی خەڵکی یارسان خستۆتەگەڕ. لە چەن ڕۆژی ڕابردوودا، هێزەکانی ڕێژیمی ئێران لە بەندیخانەی هەمەدان جگە لە بێڕێزیکردن بە هاونیشتمانێکی یارسان، ئەزیەت و ئازارێکی زۆریان داوە و کە ئەو کارە بۆتە هۆی ناڕەزایەتی گشتی لە نێو خەڵکی یارسان تا ئەو جێگەیەی کە دوو هاووڵاتیی یارسان لە بەر بەندیخانەی هەمەدان بە نیشانەی ناڕەزایەتی دەربڕین و شەرمەزارکردنی ئەم کردەوە دژە مرۆییانەی بەرپرسانی بەندیخانەکە، خۆیان سووتاندووە کە بەداخەوە گیانی خۆیان لەم ڕێگایەدا لەدەست داوە. ئەم کردەوە قیزەونەی بەرپرسانی بەندیخانەی هەمەدان و ڕووداوەکانی دوای ئەو، جارێکی دیکە ئاستی زوڵم و زۆر و نادادپەروەری و بێ عەداڵەتی و نەبوونی ئازادی ڕادەربڕین و سەرکوت لە چوارچێوەی ولایەتی فەقیەدا ئاشکرا دەکات. زۆر ڕوونە کە ئەم ڕێژیمە هیچ بەهایەك بە باوەری مرۆڤەکان و بەگشتی مرۆڤ نادات و بە وتەی بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران، مرۆڤ نەتەنیا وەکوو ئافرێندراوێکی خودایی و گەورەی هەموو ئافرێندراوەکان چاو لێ ناکرێت بەڵکوو تەنیا وەك بوونەوەرێکی ماددی و کەرەستەئاسا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ڕێژیم کەلکی لێ وەردەگیرێت.

لە کۆتاییدا، جگە لە مەحکومکردنی ئەم کردەوە قیزەونەی کۆماری ئیسلامی بۆ بێڕێزی کردن بە پیرۆزییەکانی خەڵکی بەکەرامەتی یارسان، نێوەرۆکی دژەمرۆیی و دژە ئایینیی ئەم ڕێژیمە شووینیستە و ڕەوابوونی ویستەکان و داخوازییەکانی خەڵکی یارسان بە پشت بەستن بە بڵاوکراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییە پێوەندیدارەکان بە مافی مرۆڤەوە، بە بیر دێنینەوە کە دەبێ مافی تاکەکەس و کۆمەڵ بە شێوەی یاسایی بە فەرمی بناسرێت.

■ پەیام

# ڕیفۆرمخوازان، ئەزموونێکی ئەزموونکراو

پاش هەراوهوریایەکی زۆر بەناو یازدەهەمین خولی سەرکۆماری، لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ڕۆژی ٢٤ی جۆزەردان بەڕێوەچوو. هەڵبژاردنێك کە ڕێژیم لە دوو ساڵ لەمەوبەرەوە بۆ بەڕێوەبردنی بەشکۆی و ڕاکێشانی خەڵك بۆسەر سندووقەکانی دەنگدان پلانی دارشتبوو. لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین کە تیشك بخەینە سەر چۆنیەتیی تێئۆریزەکردن و بەڕێوەبردنی ئەم شانۆیەی ڕێژیم و جارێکی دیکە لەگەڵ لایەنەکانی چەواشەکارانەی ئەم شانۆیە ئاشناتر بینەوە.

**پەردەی بەر لە هەڵبژاردن:** پاش ڕووداوەکانی ساڵی ٨٨ و لەرزینی کۆڵەکەکانی کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆیدا، ڕێژیم کەوتە کار تاکوو بتوانێت دوو ئامانجی سەرەکی بۆ خۆی دەستەبەر بکات؛ یەکەم ئەوەی کە جارێکیتر ئەو شەپۆلە نارەزایەتیانە دووبارە نەبێتەوە و شانۆیەکی هێمن و بێ کێشە وەپشت سەر بنێن، دووهەم؛ خەڵك دووبارە بۆ سەرسەندووقەکان رابکێشنەوە و شەرعییەتی لەدەستچووی خۆیان تا رادەیەك لەبەرچاوی جیهانیان وەدەست بێننەوە. بۆ گەیشتن بەم دوو ئامانجە سەرەکیە ڕێژیم هەموو هەوڵەکانی خۆی وەگەڕ خست، ڕێگری لە هەرچەشنە نارەزایەتی دەربڕینێك وێڕای گرتن و دەسبەسەرکردنی سەرانی بەناو بزووتنەوەی سەوز لەلایەکەوە و لەلایەکی دیکەوە دژایەتی لەگەڵ دەربڕینی

> **ئامانجی سەرەکی شوڕاکان بوون، چونکە ئەوە شانۆی گەرمی شوڕاکانە کە دەتوانێت ڕواڵەتی مەشروعییەت بۆ ڕێژیم بێنێتەوە نەك هەڵبژاردنی ساردی سەرکۆماری**

هەر دەنگێکی نەیار لەگەڵ ویستەکانی ڕێبەری نیزام و ڕاپێچکردنی بە دەیان کەس بە تاوانی لایەنگری کردن لە فیتنە و خرانە بەندیخانەی تەنانەت کەسێکی وێبلاگنووس وەك سەتاری بەهێشتی کە تەنیا بیروباوەڕی خۆی لەناو بلاگەکەیدا دەنووسی و لە ئاکامدا بە دڕندانەترین شێوە گیانی لێ ئەستێندرا، تێکرای ئەو کارانە بۆ هێورکردنەوەی ڕەوشی کۆمەلگا و دامرکاندنی گڕکانی نارەزایەتییەکانی کۆمەڵانی نارازی بەڕێوە چوون، بەڵام ڕێژیم بۆ مانەوەی و درێژەدان بە دەسەڵاتە سەرەڕۆکەی خۆی دەستەوەستان نەوەستا و بۆ خولی داهاتوو واتا ئەم شانۆیەی کە لە ٢٤ی جۆزەردان بەڕێوە چوو کەوتە پیلان دانان و سیاسەت کردن لەگەڵ خەڵکدا. کۆماری ئیسلامی باش دەیزانی کە بەو هەڵوێستە سەرکوتکەرانەی کە لە ساڵی ٨٨، لەهەمبەر خەڵکدا گرتوویەتە بەر، ئەگەر بێت و جارێکی دیکە هەڵبژاردنی سەرکۆماری بەڕێوە بەرێت ئەکەوێتە ناو بێ ئابڕوویی و پەتەی بۆ هەموو جیهانیان دەکەوێتە سەرئاو. هەر لەم روەوە بە هێنانە بەرباسی ئەو تەوەرە کە هەڵبژاردنەکانی شورای شار و دێهاتەکان دەبێ تێکەڵ بکرێت لەگەڵ هەڵبژاردنی سەرکۆماری، پلانی ڕاکێشانی خەڵکی بۆ سەر سەندووقەکانی خستە کایەوە، بە سەرنجدان بە بەڕێوەچوونی سێ خوولی پێشووی هەڵبژاردنەکانی شورا و ئەو کەش و هەوایە ڕقابەتییەی کە بە هۆی بوونی چەند دەستەیی لە نێو خەڵکی شار و دێهاتەکاندا لە ئێران وەرێکەوت بوو، ڕێژیم زۆر زوو هەستی بەوە کرد کە ئەگەر بێت و ئەو هەڵبژاردنە لەگەڵ شانۆی هەڵبژاردنی سەرکۆماری تێکەڵ بکات دەتوانێت ساردی و بێ مەیلیی خەڵك لەهەمبەر هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە نێو گڕوتینی کەشی ڕەقابەتی هەڵبژاردنەکانی شورای شار و دێهاتەکاندا بشارێتەوە و بەو شێوەیە بە دوو تیر ئامانجێك کە هاتنی خەڵکە بۆ سەر سەندووقەکانە بپێکێت و بەو شێوەیە لە ناو بیروڕای جیهان وا خۆی بنوێنێت کە ئەو خەڵکە بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆماری هاتوون و حەماسەی سیاسیی خوازراوی ڕێبەریان هێناوەتەدی. هەر لەم ڕووەوە ئەگەرچی ڕێژیم لە ڕواڵەتدا ئامانجی هەڵبژاردنی سەرکۆماری بوو و هەڵبژاردنی شوڕاکانی لە پلەی دووهەمی گرینگی دانابوو بەڵام ئەگەر چاوێك بخشێنینە نێو بەرنامەی ڕێژیم بۆ هەڵبژاردنەکان زۆر بە ڕوونی ئەبینین کە بە پێچەوانە، ئامانجی سەرەکی شوڕاکان بوون، چونکە ئەوە شانۆی گەرمی شوڕاکانە کە دەتوانێت ڕواڵەتی مەشروعییەت بۆ ڕێژیم بێنێتەوە نەك هەڵبژاردنی ساردی سەرکۆماری. لەمبارەوە بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بەو خاڵە بکەین کە بەپێچەوانەی ساڵانی پێشوو کە ژمارەیەکی کەم بەربژێری هەڵبژاردنی شوڕاکان دەکران ئەو جارە لە شارێکدا زیاتر لە چەند بەرامبەری ئەو ڕێژەیەی کە دەبوایە ببان بە شووڕا ئیزنی پڕوپاگەندە کردنیان پێدرابوو کە ئەم ئیزن دانەش ڕاست لە چوارچێوەی گڕوتین دان بە شانۆی هەڵبژاردن بوو. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ٦٨٦ کەس، تەنیا ٨ کەسیان ئیزنی هاتنە ژوورەوەی ناو شانۆکەیان پێدرا و باقی ڕەت کرانەوە.

پاش هەموو ئەو پلانانەی کە ڕێژیم بەر لە هەڵبژاردن بەڕێوەی برد، لە ئاکامدا ڕۆژی ٢٤ی جۆزەردان شانۆی بەناو هەڵبژاردنەکان بەڕێوە چوو و ڕێژیم بە وەڕێخستنی کەش و هەوایەکی چەند بەرەکی لە زۆربەی شار و دێهاتەکانی ئێران و کوردستان توانی ژمارەیەك لە خەڵك بۆ هەڵبژاردنەکانی شوڕاکان بێنێتە سەر سەندووقەکان و لە ڕاستیدا شانۆی سەرەکی هەڵبژاردن واتە هەڵبژاردنی سەرکۆماری پێی ڕازاندەوە. پاش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن هەموو کەس چاوەڕوانی ئەوەی دەکرد کە لە ماوەی چەند کاتژمێر دوای هەڵبژاردن ئاکامەکان ڕابگەیەندرێت بەڵام بەپێچەوانە ئەو ئاکامانە تا دوا ساتەکانی ڕۆژی ٢٥ی جۆزەردان بە تەواوی ڕانەگەیێندران کە هەر ئەم خاڵە دووڕوویی و ڕووهەڵماڵاویی ڕێژیم بۆ خەڵك زیاتر دەردەخات، لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئاخۆ ساڵی ٨٨ چلۆن نیزیك بە ٣٠ میلیۆن دەنگ کە ڕێژیم ئیدعای دەکرد خەڵك خستویانەتە ناو سەندووق لە ماوەی کەمتر لە چەند کاتژمێرێکدا خوێندرانەوە و ئاکامەکان بە زوویی ڕاگەیاندران بەڵام ئەو ساڵ هەر ئەو ڕێژەیە ماوەی نیزیك بە ٢٤ کاتژمێر دەخایەنێت!!!؟

**هاتنە سەرکاری ڕووحانی و چەند تێبینیەك:**

لەناو چاوەدێرە سیاسییەکاندا زۆر کەس هەن کە دەڵێن بەدەنگ هێنانەوەی حەسەن ڕووحانی، خەڵکی ئێران «نا»یەکی تریان بە ڕێژیم و ڕێبەرەکەی وتەوە بەڵام ئەگەر چاوێك بخشێنینە سەر ناوەڕۆکی باسەکە دەبینین کە ڕاست بەپێچەوانەی ئەم قسەیە دەتوانین بڵێین کە ئەوە ڕێبەری ڕێژیم بوو کە بە ئیزن دان بە هاتنی کەسێکی وەك ڕووحانی ماوەی تەمەنی نیزامەکەی درێژ کردەوە، خامەنەیی و بەیتی ڕێبەری باش لەو مەترسیانەی کە بۆ سەر تەواویەتی ڕێژیمەکەیان چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات لە ئارادایە ئاگادارن و هەستیان بەو مەترسیانە کردوە هەر ئەو هەست پێکردنەش بوو کە خامەنەیی لە ڕۆژی ٢٢ی جۆزەردان واتە دوو ڕۆژ بەر لە هەڵبژاردن ناچار کرد کە بە کلۆڵی داوا بکات تەنانەت نەیاران و دژبەرانی کۆماری ئیسلامیش بێن تا بە وتەی خۆی ئەگەر ڕێژیمیشیان ناوێت خۆ وڵاتیان دەوێت و بێن و بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن. لە ڕاستیدا ڕێژیم باش هەستی بەوە کردبوو کە ئەگەر بێت و مۆرەیەکی هاوشێوەی ئەحمەدی نەژاد دووبارە بێنێتەوە سەرکار، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ مەشروعییەتی زیاتر لەدەست دەدا، لە ئاستی دەرەوەش بەسەرنجدان بەو بنبەستانەی کە لە بواری ئەتۆمی تووشی هاتوون زۆر دوور نییە کە لەگەڵ هێرشی سەربازی ئیسرائیل و ڕۆژئاوا بەرەوڕوو بن. هەر ئەم ترس و دڵەڕاوکێیە وای کرد کە ڕێژیم و ڕێبەرەکەی ئەگەرچی بیرەوەرییەکی خۆشیان لە ڕەوتی بەناو ڕیفۆرمخواز نییە بەڵام لە ڕووی ناچاری بێنە سەر ئەو قەناعەتە کە بەسەرنجدان بەو مێژوویەی کە ڕیفۆرمخوازان لە هێورکردنەوە و فریودانی خەڵکی نێوخۆ و کۆمەڵگای دەرەوە بەو دروشمە بریقەدارانەی کە هەیانە، ئیزن بدەن کە ئەو تاقمە وەك سوپاپی ئیتمینان بێنەوە ناو بازنەی دەسەڵاتێکی قۆرخکراو لە لایەن خامەنەییەوە تا لەم ڕێگایەوە لەلایەك بارودۆخی گرژی نێوخۆ بەرەو هێورکردنەوە بەرن و لە لایەکی دیکەوە جارێکی تر ڕۆژئاوا و نەیارانی دەرەکی بهێنە سەر ئەو باوەڕەوە کە تاقمێکی دیکە هاتۆتە سەرکار و ئەو تاقمە توانایی چارەسەرکردنی کێشەکانیان لەگەل ڕۆژئاوادا هەیە. یەکێکی دیکە لەو هۆکارانەی کە ڕێبەری نیزام ئیزنی هاتنی حەسەن ڕووحانی دا ئەوەیە کە لەوەتای کۆماری ئیسلامی لەسەرکارە هەرکاتێك کە سەرکۆمار کەسێکی ئاخوند بووە کۆنترۆڵکردنی زۆر ئاسان تر بووە و سۆز و وەفاداری بە نیسبەت نیزامی ئاخوندیش زۆر زیاتر بووە تا ئەوکاتەی

> **لەوەتای کۆماری ئیسلامی لەسەرکارە هەرکاتێك کە سەرکۆمار کەسێکی ئاخوند بووە کۆنترۆڵکردنی زۆر ئاسان تر بووە و سۆز و وەفاداری بە نیسبەت نیزامی ئاخوندیش زۆر زیاتر بووە**

کە کەسێکی بە قەول ئاکادێمیك و کۆت و شاڵواری هاتۆتە سەر کار، ئەو ڕەوتە دەتوانین چ لە کاتی سەرکۆماری بەنی سەدر و چ لە کاتی هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نەژاددا ببینین .

بەڵام با بزانین حەسەنی ڕووحانی کێیە؟ حەسەنی ڕووحانی یەکێك لە نیزیکانی هاشمی ڕەفسەنجانی لە تاقمی بەناو کارگوزارانە کە لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە لە پلە و پایەی جۆراوجۆردا خزمەتی بە ڕێژیم کردوە و یەکێك لە گرینگترین ئەرکەکانی لە دەوڵەتی بەناو ئیسلاحاتدا بەرپرسایەتی دانۆستانە ئەتۆمییەکانی ئێران لەگەڵ ڕۆژئاوا بووە و هەروەها وەك ئەندامی شوڕای بەرزی تەناهی نەتەوەیی لە ڕێژیمدا ئەرکدار بووە و یەکێك لە دەستووردەرانی سەرکوتی بزووتنەوەی خوێندکاری لە ساڵی ٧٨ بووە. حەسەن ڕووحانی خۆی وەك دیپلۆماتێکی سەرکەوتوو لە پەروەندەی ئەتۆمی لەقەڵەم دەدا و لەسەر ئەو بڕوایەیە کە دەتوانێت پێوەندی نێوان ئێران و ڕۆژئاوا لەسەر پڕۆژەی ناوکی بەرەو باشی بەرێت، ڕووحانی هیچکات خۆی بە ڕیفۆرمخواز نەزانیوە بەڵکوو تەنیا خۆی وەك کەسێکی میانەڕەو دەزانێت و زۆریەك لە ڕیفۆرمخوازانی ناو دەسەڵات و لایەنگرانی ڕەفسەنجانی پشتیان پێ بەستووە تا پاش دوورکەوتنەوەیەکی ٨ ساڵە، سەرلەنوێ جڵەوی دەسەڵات بگرنە دەستەوە، دەبێ چاوەڕوان بین و ببینین کە ئاخۆ ڕەوشی ئەزموونکراوی ٨ ساڵ ڕیفۆرمخوازی ئەمجارەش بێ دەسکەوت دەبێت و تەنیا وەك خزمەتکارێکی خامەنەیی دەور دەگێڕن؟!



# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 607 ▪ 22 jun 2013

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


# بێپارەیی کێشەی تەندروستی بەدوادا دێت



توێژەرانی بەریتانیایی لە لیکۆڵینەوەیەکی نوێدا، ئاشکرایان کردووە دۆخی تەندروستیی یۆنانییەکان بەهۆی ڕێشوێنەکانی کەمکردنەوەی تێچووەکان لە لایەن حکوومەتەوە لەوانەیە زیانی زۆری پێ بگات. لەو لێکۆڵینەوەیەدا کە گۆڤاری لانست بڵاوی کردووەتەوە، ئاماژە بەوە کراوە کە کەمکردنەوەی بودجەی نەخۆشخانەکان فشاری زۆر دەخاتە سەر دۆخی تەندروستی خەڵك لەو وڵاتە.

لێکۆڵینەوەکە دەڵێت حکوومەتی یۆنان کە کێشەیەکی گەورەی دارایی تووش هاتووە، بودجەی نەخۆشخانەکانی بە ڕێژەی ٤٠٪ کەم کردووەتەوە و ئەمەش بووەتە هۆی کەمیی پێداویستی پزیشکی و پەنابردنی خەڵك بۆ دانی بەرتیل لە پێناو وەرگرتنی چارەسەر لە نەخۆشخانەکانی ئەو وڵاتە.

بەراوردێك کە دەستەی سەرژمێریی داهات و دۆخی ژیانی یەکێتیی ئەورووپا بڵاوی کردووەتەوە لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٩ بۆی دەرکەوتووە ژمارەی ئەو کەسانەی ناچنە لای پزیشك، بە ڕێژەی ١٥٪ زیادی کردووە بەهۆی درێژیی ماوەی سەرەگرتنەوە لە نەخۆشخانەکاندا.

هەروەها توێژەران دەڵێن تێبینییان کردووە زیادبوون بە ڕێژەی ١٤٪ لە ژمارەی ئەو کەسانەدا هەیە کە دۆخی تەندروستییان خراپ بووە و ژمارەی ئەوانەشی چارەسەری پێویست وەردەگرن کەمی کردووە.

هەروەها ڕوونی کردووەتەوە کە ژمارەی ئەوانەی خۆیان دەکوژن، لە ساڵی ڕابردوودا بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠٠٩، بە ڕێژەی ٢٥٪ زیادی کردووە و تووشبوونی گەنجان بە نەخۆشیی ئایدز بەشێوەی بەرچاو زیادی کردووە، چونکە ژمارەیەکی زۆری گەنجان پەنا دەبەنە بەر لەشفرۆشی.

ڕاپۆرتەکە دەڵێت ئەمە سەرەتای کێشەکەیە و لە چەند ساڵی داهاتوودا زۆر کاریگەریی خراپی دیکەی ئەو دۆخە بەسەر هاووڵاتییانی ئەو وڵاتەوە دەردەکەوێت.

# گۆڕانی کەشوهەوا ڕووەکانیشی گۆڕیوە



زانایانی ئوسترالی ئاشکرایان کردووە گۆڕانکاری کەشوهەوا کاریگەریی لەسەر گەڵای درەخت و ڕووەکەکان هەیە و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای زەوی، وایکردووە قەبارەی گەڵای درەختەکان لە ئوسترالیا بە بەراورد لەگەڵ قەبارەی ١٣٠ ساڵ لەمەوبەر لە پێشتر زۆر بچووکتر ببێتەوە.

توێژەران گوتیان پشکنینیان بۆ ٢٥٥ گەڵای ڕووەکێکی ئوسترالی بە ناوی دۆدۆنیا فیسکۆسا کردووە کە ئوسترالییەکان لە ساڵی ١٨٨٠ەوە کۆی دەکەنەوە و ئەو گەڵایانەیان بە گەڵای هەمان ڕووەك لەمساڵدا بەراورد کردووە و بۆیان دەرکەوتووە قەبارەی گەڵاکانی ئێستا لە چاو پێشوودا بە ڕێژەی ٢ میلیمەتر بچووك بووەتەوە.

هەرچەندە بە تەماشاکردن بە چاوی ئاسایی ئەم جیاوازییە کەمە، بەڵام زاناکان دووپاتی دەکەنەوە کە ئەوە گرنگیی زۆری بۆ زانست تێدایە و گوتیان گەڵای درەختەکە لە سەدەی نۆزەدا ٣,٢ ملیمەتر بووە، بەڵام ئێستا ١,٩ ملیمەترە.

زاناکان گوتیان ئەو بچووك بوونەوەیە بۆ گۆڕانکاری کەشوهەوا دەگەڕێتەوە و ڕوونیان کردەوە ئەو ناوچانەی توێژینەوەکەیان تێدا ئەنجامداوە، پلەی گەرمی تێیدا لە ساڵی ١٩٥٠ تا ئێستا ١,٢ پلە بەرزبووەتەوە.

ئەندریۆ لۆی سەرپەرشتیاری توێژینەوەکە لە زانکۆی ئەدیلیدی ئوسترالیا، گوتی: ئەوەی گەڵای درەختەکان دەیکەن خۆگونجاندنە لەگەڵ کەشوهەوای نوێدا. چونکە چەندی گەڵاکە بچووك بێت، ئەوەندە لەدەستدانی ئاو لە ڕووەکەکەدا کەمتر دەبێتەوە.

توێژینەوەکانی پێشتر سەلماندوویانە گەڵای هەموو درەختێك بە کەمبوونەوەی باران و بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و بەرزبوونەوە لە ئاستی ڕووی دەریا بچووکتر دەبێتەوە.

# ئینتەرنێت دێتە نێو کاتژمێریشەوە




لە پێشانگای نێودەوڵەتی تێکنۆلۆژیای بەکاربراو لە لاس وێگاسی ئەمەریکا، کۆمپانیای سۆنی، زەبەلاحی بواری تێکنۆلۆژیا و ئێم وۆچی ئیتاڵیا پێکەوە توانییان ئامێرێك دروست بکەن کە کاتژمێرە و لە دەست دەکرێ و بەهۆیەوە مرۆڤ دەتوانێ ئیمێلی خۆی بکاتەوە و گوێ لە مۆزیك بگرێ و ماڵپەرە ئەلیکترۆنییەکانیش بکاتەوە.

بڕیارە لە کۆتایی مانگی داهاتوودا سۆنی کاتژمێری سمارت وۆچ بخاتە بازاڕەوە.

ماسیملیانۆ بۆتۆلین، دامەزرێنەری ئایم وۆچ و سەرۆکی ئێستای کۆمپانیاکە گوتی: ئێستا بۆ خستنەڕووی ئەم کاتژمێرە کاتێکی گونجاوە ، چونکە هەمووان ئامێرێکی ئەلیکترۆنییان دەوێت بۆ جوانکاری بەکاربهێنرێت. ئەمە نهێنی ئەپڵە ئامێرێکی دروست کردووە خەڵك عاشقی بوون.

ئەو دوو کاتژمێرە نوێیەی ئەو ئەرکە جێبەجێ دەکەن، ڕێگا بە چوونە نێو ئینتەرنێت لە ڕێگەی مۆبایلەوە دەدەن بەبێ ئەوەی کێبڵیان پێوە بلکێنرێت و ئەمەش بەهۆی بلوتوسەوە.

نرخی ئەو کاتژمێرە نوێیە لەگەڵ ئەو بازنەدا کە لە دەست دەکرێت دەگاتە ٣٥٠ دۆلاری ئەمەریکایی.

بەکاربەرانی ئەو کاتژمێرە لە کاتی گەیشتنی هەر نامەیەکی ئەلیکترۆنیدا زەنگێکی گەورەیان گوێ لێدەبێت و هەمان کار لە کاتی بڵاوبوونەوەی بابەتی سەر تۆڕەکانی فەیسبووك و تویتەریشدا ڕوودەدات.

سۆنی ڕوونی کردەوە: بەرنامە و پرۆگرامی نوێی بۆ ئەو کاتژمێرە هەیە و لە ماوەی داهاتوودا ئاشکرایان دەکات.

## زایەڵە

فاتێح ساڵحی

### هەڵبژاردنی یازدەهەم

هەڵبژاردنەکانی یازدەهەمین خولی سەرکۆماری لە ئێراندا کۆتایی پێهات و ئەوەیکە زیاتر لە هەر شتێکی دیکە لەم خولەدا سەرنجی بیرووڕای گشتی بۆلای خۆی ڕاکێشا، هاتنە دەرەوەی ناوی حەسەن فەرەیدوون ڕووحانی وەك سەرکۆمار لە سندووقەکانی دەنگدان بوو. بەڵام ئەوەیکە ڕووحانی چۆن بوو کە سەرەڕای ئامادەبوونی کەسانێ وەك قالیباف و ولایەتی و جەلیلی و موحسین ڕەزایی، توانی دەنگی متمانەی ڕێبەری نیزام بۆ خۆی مسۆگەر بکات؟ پرسیارێکە کە داهاتووی هاوکێشە سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ بیرووڕای گشتی خەڵك لە نێوخۆی وڵات و لە دەورەی سنوورەکانی ئێران ڕوونی دەکاتەوە.

بێگومان هەڵبژاردنی ڕووحانی بۆخۆی دەرخەری قەیرانێکی قووڵ بوو لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوەی کۆماری ئیسلامیدا. چونکوو بە بێ هیچ دڕدۆنگییەك سیاسەتە هەڵەکانی هەشت ساڵ ئەزموونی بەڕێوەبەری ئەحمەدی نژاد وەك نوێنگەی سیاسەتەکانی ئۆسوولگەراکان، کەش و هەوایەکی لە نێوخۆ و دەرەوە بۆ ئێران خولقاندبوو کە سیستمی دەسەڵاتداریی ئەم نیزامەیان بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەبرد.

لە ئاستی نێوخۆییدا جگە لە کپبوونی فەزای کۆمەڵگای مەدەنی و بەرتەسکبوونەوەی ئازادییە تاکەکەسییەکان و هەروەها گوشاری لە ڕادەبەدەری ئابووری بۆ سەرخەڵك و بێ هیوای لە کۆمەڵگادا، کۆمەڵگای ناڕازی ئێران بەرەو تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی دەڕۆیشت. لە ئاستی نێونەتەوەییشدا سیاسەتەکانی ئەحمەدی نژاد تا شوێنێك تووشی داڕمان و شکست هات کە لە زۆربەی وڵاتانی دونیا ئێران وەك مەترسییەك پێناسە و لەقەڵەم دەدرا. هەر بۆیە دەنگهێنانەوەی ڕووحانی پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر بوو. چون ئێران هەم لە ئاستی نێوخۆیی و هەم لە ئاستی دەرەکییدا بەرەو قەیرانێکی بنەڕەتی و قووڵ دەچوو و لە لێواری هەڵدێری نەماندا بوو.

ڕووحانی لە یەکێك لە دوایین کۆبوونەوەکانیدا، لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ کاربەدەستانی لێژنەی هەڵبژاردنەکانیدا وتی، هەڵبژاردنی ئەمجارە بە یارمەتی ئیمامی زەمان و چارەئەندێشی ڕێبەری نیزام خامنەیی بوو ئەگینا ئێستا ئێمە ئەم ڕۆژەمان نەدەدی. لێرەدایە کە موهەندیسی هەڵبژاردنەکان لە ئەدەبیاتی زارەکی ویلایەتی فەقیهدا جێگەی خۆی دەدات بە چارەئەندێشی و بۆ هەمووانی ڕوون دەکاتەوە کە بوون بە سەرۆك کۆماری ڕووحانی، شتێك نەبوو کە خامەنەیی بە پێچەوانەی بانگەشەکانی خۆی لە ڕۆژی دەنگدانەکەیدا، لێی بێ ئاگا بێت.

بۆیە بە دڵنیاییەوە مانگەکانی داهاتوو بۆ بیرووڕای گشتی نێوخۆ و دەرەوە بە جوانی ڕوونی دەکاتەوە کە ڕووحانی، ئەو کلیلەی کە وەك هێمای هەڵبژاردنەکانی دەسنیشانی کردبوو، کەلیلێ نەبوو کە بۆ خۆی هەڵی گرتبێ، بەڵکوو کەلیلێکە کە ڕێبەری ڕێژیم بۆ کرانەوەی قوفڵە داخراوەکانی سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەی ڕێژیم داویەتی بە ڕووحانی. کلیلێ کە بە بێ ئیزنی خامنەیی ناتوانێ هیچ قوفڵێ بکاتەوە.